## لە هەورامان بۆ ئاڵمان . ١٩٨٢/١١ - ٢٠٠٢ز

*ساڵانـژمێری پەنابەرێک.*

یەکێک زۆر گەڕا ، زۆر دەبینێت. لە باش باشەو ، لە هەڵەش فێردەبێت. بە نووسینەوەیەشی سوودی ، بۆ نەوەی ڕۆژ یا نوێ دەبێت. هەڵگیرساندنی شەڕی دووەمی کەنداو ، لە نێوان ئێراق و ئێران دا، لە ١٩٨٠ - ١٩٨٨ز. بووە سەرباری باری دروستبووی کوردستانی ئێراق ، چ بەهۆی ڕژێمەکانەوە ، یا خۆکردی خۆمانەوە. ئەو هۆیانە وایکرد ، خەڵکێکی زۆری کورد ، ڕەویکردو، لە ناوچە ڕزگار کراوەکانیشدا ، کە دووریش بوون لە دەست پیاگەشتنی ، ڕژێمە دیکتاتۆرە نایابەکەی سەدامی ئێراق، نەگیرسانەوە.

تەتەڵەمیرانی ڕێچکەیان بەست بەرەو ئەوروپا و وڵاتانی دوورتریش.بە واتەی پەندی کوردی: )فڕکەو بانیشار( مان کردبووە ، فڕکەو ئەوروپا. بەڵکە بە گەرمتر گیرابوو ، لە چوونە ئیستەنبوولی ، سەردەمی عوسمانییە کان.

ئەم کۆچە ، دەقی باوی زەمانەی بە خۆیەوە گرت. بەڵێ منو زۆری وەک منیش ئەو باوەی بەجێهێنا. ڕووداوم دیوە لەم کاروانی ئاوارەیی و پەنابەرییەدا ، لە ئێراقەوە بۆ ئێران ، بەناو تورکیا و ڕۆمانیادا ، وە قەدەر بادانەوەمان ، لە جێی سوێد ، بۆ ئاڵمان. کە لە ساڵژمێری بیرم دا، پەڕەی خۆیان ڕەشکردووەتەوە. منیش خستنمە سەر ساڵژمێرێکی سەرکاغەز. کە چەند سەرباسن لە پێشەوەو ، خوێنراونەتەوەو لەمەولا دەیانخوێنیتەوە. ڕوداویشیان تیایە هەوینەکەی هەر کوردستانە ، ڕەدووی بیرم کەوتوە، لە بۆدەقەی یادا ، ئیقی داوەتەوە ، خۆی خزاندووەتە ناو سالژمێرەکەمە وە.

بە تەقەدان لە دەروازەی مێژووی نوێی ئەم نەتەوەی ئاڵمانە ، چەند وشەیەکی ڕەق و زەق دەبێتە شمڵیشەڕ وچەقی ڕێگات پێدەگرێت ، لەوانە: هیتلەر ، نازی ، جەنگی جیهانی ، قڕکردنی جوولەکە

هەرچەند لەدوای شەڕی/٢ ی جیهانیەوە ، تا ئەمساڵیش/٢٠١٩ ز. ئەم دەوڵەتی ئاڵمانە، شەڕ یا گێچەڵێکی تریان وەک ، ئەوەی هیتلەر ، دووبارە نەکردووەتەوە. ئەمەش خەسڵەتێکی دیسانەوە ، باش ناساندنەوەیانە. کەچی دەڵێی هێشتا نەیانتوانیوە ، ئەو مەینەتیەی بۆیان بەجێ ماوە،. بیرەوێننەوە. تا بڕوابوونی وڵاتانی دی ، بگەڕێننەوە، بۆ پێش سەردەمی ئەو.

بەسەیری ولاتانی کیشوەری ئەوروپا ، لە سەدەی ١٨،١٩ ی ز.بەریتانیا و فەرەنسا لە وڵاتە دیارەکان بوون. کەچی وشەی نازی لای ئەوان ، دروست نەبوو ، و لە ئاڵمان سەری جووقان!. هاتنی شەپۆلی پەنابەران ، یا کارکەرانی بیانی بۆ ئاڵمان ، هەر لێرەدا ڕوینەداوە. کە ئەوانە: قێز و بێز ، پرتە و بۆڵە ، گزی و فزی ، سوک و ڕسوا ، لە خشتەبردن و فریودان و دین و ڕەوشت ، پێ گۆڕین ... یان، لە تەکدا دەکرێت. بەڵام بە بەرانبەری کردنی دەوڵەتەکانی تر ، کە پەنابەریان تێدایە ، هەر ماوەیەک لە ناویاندا ژیای؟ هەستی پێدەکەیت ، لە ئاڵمان ڕق لێبوونەوەکە ، چڕ و پڕ ترە!.

من نەچووم وەک کارڵ مای ( سەیری ل ٤٤). وڵاتەکەی ، هەر لە دوورەوە لەکەدار بکەم. بەڵکە ئەوەی هەیە هەموو وڵاتانی دنیا بیستویەتی ، چۆتە مێژووەوە. وە ئەوەی لەم ساڵژمێرەدا دەیخوێنیتەوە ، بەشی زۆری بەسەر خۆم و خزمم و هاوڵاتیمدا هێنراون.

## قەڵاکەی ڤێرنبێرگ. ٣ / ١٩٨٣:

وتی وتی پەیدا بوو ، لێرەش دەڕۆن. چارچییە ؟ چی بڵێین؟ بارمان لار و ئاوارە و پەنابەریش؟! لێپرسراوێک هات وتی: سبەینێ کاژێری ٨ ، ئامادەبن ، ناوتان دەرچووە دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی تر. ئێرە و ئەوێ بە هەرحاڵ ، تۆ بێژی ژوورێ گەرمی وەک ئێرەمان بدەنێ؟ سەرما سەرما نییە ، بەڵای خوایە. چ ئاو وهەوایەکی سەمەرەیان هەیە!.
پاس هاتو پڕکرا ، کەوتە ڕێ. پاش ماوەیەک وەک ڕاتبەی فەقێ سەرێکی دەکرد بە هەر دێیەک دا ، ناو دەخوێندرایەوە ، بەش دەکراینەوە. ئەبێ ئێمەکوێمان بۆ دەرچێت؟ پاش نیو کاژێرێکی تر ، وەستایەوە ناومان خوێنرایەوە ، دابەزن ئەم قەڵایە جێی ئێوەیە. بەسەیری دەرەوەیدا ، هەرگیز لەوە نەدەچوو ، کەسی تێدابێت . قورئان وە هەقت ئەوەندە کۆن بوو خێزانەکەم وتی ، ئەمشەو دەڕووخێت بەسەرمان دا. با باسێکتان بۆ بکەم ، لێرەدا نزیکەی ساڵ و نیوێک ژیاین ، نەڕووخا:
( قەڵایەک کۆن ، بڵێم چۆن؟ لایەک ڕوخاو ، پڕ دەروازەو خەنەق و ئاو ، پردی سەفەری بە گوریس بەسراو ، شوێنەوار لە دارا جێماو ، خەنەقێکی بازنەیی پان ، کەس نەیدەتوانی بێتە بان ، بە دەوری قەڵادا هەبوو ، گیاندار بنی کەن کردبوو ، قەلایەک ٧٠٤ ساڵ ، نووسرابوو لەبەردەم ماڵ ، قوللەی سواق دراو بە ڕیقنەی داڵ.

| | |
|---|---|
| نەخش و نیگاری دەروازە | ژوور چەند نهۆم ، بێ ئەندازە |
| سکی بە زۆر چیرۆک پڕبوو | قەڵای دمدمێکی سڕبوو |
| سەیربوو ئیتواری بەڕێوەبەر | ناوم لێنابوو ، بەکر مەرگەوەڕ. |

لەسەر گردێک دوور ئاوایی ، هەرای شەوان نائارامی ، بێخەبەر لە شەوق و شایی ، زستان و هاوین ئاو بەفراو ، هەفتەی دوو ڕۆژ گەرم دەکرا ئاو ، هاوینم هەر نەدی بە چاو ، خۆ لە وەرزا هەر هەیبوو ناو ، هەتا بە هاوینیش پیاو ، حەزی دەکرد هەر لە پاڵتاو. لای ئەڵمانی مۆزەخانە ، لای ئێمەش وەک ، بەندیخانە. لە دەرۆ وامان دەزانی چۆڵە ، لە ناوٚ ئاژاوە و بۆڵە. هۆدەیەکی بنمیچ لارمان ، وەک هەورەبانی لای خۆمان، دوو بە چوارێ دەرچوو بۆمان).
نیوەڕۆ هات ، وەرن بۆ خواردن. دوو قاپم بردوو چووم. هەموو سەیریان دەکردم ، عەرەب و فارس و پاکستانی زمانیان تێدابوو ، لە ورە وریان ئەمەنەم هەڵکڕان:
"بەدبەختێکی تر هات ئێستە نازانێت بەر بایەر کەوتوە." بایەر یا بایڕن: یەکێکە لە ١٦ دەوڵەتۆکە ئیداریەکانی ئەم وڵاتە ، کەوتوەتە خوارو وە خواروی ڕۆژهەلاتی وڵاتەکەوە. شاری میونیخ یا مونیخ ، مونشن ، پایتەختیەتی لەبارەی ئابورییەوە لە

زۆری ئەوانی تر ، لە پێشترە. زەڕەقورسی پەنابەران لای خەڵکی ئێرە ، بە بۆچوونی من ، بە بەرانبەری ئەوانی تریش ، لای ئەمان زۆرترە.
بەیانی دووایی ، کەلەخەو هەستاین ، لە دیوی ناوەوەش ، تەنها پەنجەرە بچووکە بەرزەکەی ناو ژوورەکەمان ، سەهۆڵی گرتبوو. لە ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکەدا ، یەکێ دەبوایە سێباز ئاسایی ، سەرت قەلانج بکردایە. واتە دووا ژووری سەرەوەمان درابوویە. هەرچەند لای بەڕێوەبەر زۆرم ڕێسا ، دوو منالی بچووکمان هەیە و دواهەمین قاتە ، ساردە... ئەو فیفی لێدەهات! بەڵکە حەزی دەکرد بارمان لارتریش بێت ، تا بیری ڕاکردن لێرە بکەینەوە ، ئەمانبینی ناوبەناو ، دوو پیاوی ئەڵمانی بەشەو دەهاتن ، بە کرێ یەکێکیان دەبرد بۆ فەرەنسا.
ئەو پەنابەرانەی لە ئەوروپایی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون و وەک ئێمە پەنابەربوون، ڕووخۆشتربوون لە گەڵیان. ئێمە لەچاو ئەوان دا ، بە دووربینێکی ئەمسەر و ئەوسەرکراو دەیانبینین!.
هانز پەنابەرێکی پۆڵۆنی بوو ، هەرچەن خاوەن هاوسەر و دوو منداڵ بوو؟ بەڵام زۆرجار بە تەنها لە قەڵاشار دەچووە دەرەوە. دوور لە قەڵاکە کورسییەک هەبوو ، ئەو کردبوویە بارەگای خۆی ، لێی دادەنیشت و لێکیدەدایەوە ، ناوم لێنابوو مەلاخەیاڵ. هاوسەرەکەی جارجار نەدەبینرا ، بێنازی منالەکان وەک کاری لە دایک دابڕاو ، شپرزە دەمبینین.
ڕۆژێک هاوار بەرزبووەوە. ئەها ، هانزە ؛ ئەستێڵی خەم تیاخواردووی تەقان، هاوار قەڵاشاری وروژان ، وەک شاهەنگ ڕەوی کردبێت ، هەرکەسە لە کوونی خۆیەوە دەرپەڕی. بەلەقە بەربووبووە دەرگای ژوورێک ، چەن کەس پوورەیان لێدابوو ، منیش چووم ، هاواری دەکرد: تاکەی وادەکەی؟ مندالم هەیە؟... بەڕێوەبەرهات ئەوە چییە؟ هانز وتی فلان بووەتە هاوڕێی [1] ژنەکەمو ، لای ئەوە. لەدەرگای داو ، هاواری کرد ، منم بەڕێوەبەر. کرایەوە و ژنە هاتە دەرەوە و ، چووەوە لای منالەکانی. هەرچەند هەڕەشەی هانز لەبەردەم دەرگاکە ، خوێنی لێدەباری ، بەڵام بە هاتنەوەی ژنەکەی ، ڕقی نیشتەوە ، قەڵاشار وەک ئاشی ئاو لێکەوتووی لێ هاتەوە.

### فریودان . مەڵبەندەکەی لە مەڕ ئێمە . ١٠/ ١٩٨٣ :

( مەڵبەندەکەمان وەک پوورە هەنگ بوو ، ڕۆژ بە ڕۆژ بارمان لارەسەنگ دەبوو ، بۆ پەنابەران باپێچ و مەنگ بوو ، بۆ دژی ئێمە خەڵکی یەک دەنگ بوو ، کەنەدا و سوێد فڕکە و فەرەنگ بوو. ئەو کاتە زانیم چەند ڕەشە بەختم ، لەم هەموو شوێنە ، بەر بایەر کەوتم ! یەکێ سەری بە ژێر خۆیەوە بووایا؟ کەس نەبوو بەزەیی بێتەوە پیایا ، پاش کاژێری دوو. شار بی حاکم بوو ، شارە مێرووله دەهات و دەچوو ، هەر بەدبەختیکی تێ

١ – هاوڕێ گرتن و هاوڕێ گەری: با بڵێم شەرواڵ پیسی ، لەسەرەتای هەشتاکانەوە ، لەم هەندەرانەوە لەلایەن کەسانی بڕوا کزەوە کراوەتە دیاردەیەک بۆ تێکەڵی نێر و مێ ، لە جیاتی هاوسەرخواستنێکی یاسایی ، مارەبڕین. ئەم کارە ملیۆنی بە دەردی ترسناکی ئایدز ، سیدە، موبتەلاکردووە. ئەم دەردە لە ١٩٨٣/٥/٢٠ز. دا دۆزراوەتەوە. تا ئەمڕۆش دەرمانی نەدۆزراوەتەوە.
بکەوتایە ؟ دەبووایە چەند ساڵان هەر تلی بایە ، یەڵا ڕێکدەکەوت دەچوویت بۆ دادگا،

لەسەد حەوت کەسیان قبوڵ دەکرا ، یانی بەشی زۆر پشتی گوێ دەخرا. هەتا هەرکەسێک وەردەگیرا؟ دوای ئەو دەیتوانی ئا لێرا بڕوا ، یانی ئازادی دوورچوونی جا پێ دەبڕا ، یانی ئەوەشی ڕەفزی بۆ دەهات؟ چەند ساڵێکی تر چاوەنواڕی کات. کەم کەس ئەو بارەی هەڵدەگرتەوە ، دەکەوتە بیری ڕاکردنەوە. یا پیلانێکی بۆ ڕێکدەخرا، وەکو ئەم باسەی دەیرپێسم لێرا:

لەلامان هەبوو لاوێکی میسری ، کیژێک پەیدا بوو ، بوو بووە دۆسی ، تا مانگانەکەی دەهاتە کزی ، مشەخۆرێ بوو ، پڕ فێڵ و گزی. وەک پوولی دووشەش لای ئەو تۆپی بوو، وەها خۆی دەنواند زۆر تامەزرۆی بوو. شەوێکیان کوڕەی وا مەست کردبوو ، دەری بوغازەی پی شکاندبوو ، ئەویش زەوقەکەی شیرینی هەڵبژاردبوو ، پڕی باخەڵی لێ هاوردبوو ، جا بە شوێنی خۆی هەم ناساندبوو. لە مەڵبەند بە دز ، دەنگی زڕابوو لە تەریقی کار ، نوتقی بڕا بوو پاش ئەو کەتنی ، دەست هەڵبەستنە؟ بەرنامەی کیژەش، خۆ گووم کردنە. لەو جۆرە داوەش ، دەتەنرایەوە.        نامەی ئەعمالی،ڕەش دەکرایەوە. تا هۆیەک بێت، بۆ دەرکراوە؟ بۆ وڵاتی خۆی ، دەنێرایەوە. خێرا جێگاکەی ، پڕ دەکرایەوە ، خەلکی مەڵبەندیش دەسڵەمایەوە دووکەس بوون کاریان ، خەڵک دەرکردن بوو ، لە ئاڵمانەوە بۆ دەر بردن بوو ، بەرێوەبەریش دەیزانی پلان ، خۆی گێل دەکرد ، چاوی دەنووقان ، مادام کارەکە پەنابەرانن ، هەر هاو سنووران پێمان نەزانن ، زیانی چییە بۆ پەزی خۆمان؟ خوای دەکرد لێرە نەدەما تاقتان)!.

٣ – *کۆتایی بەش و سووڕی سێهەم ، بزنیی: تا ٣٠ ساڵی: ١/١/١٩٧٣- ١٩٨٣/١٢/٣١. ل:٦٢٩ – ٦٥١*

..................................................

## ٤ – بەش و سووڕی چوارهەم ، شێریی: تا ٤٠ ساڵی: ١ / ١ / ١٩٨٤ – ٣١ / ١٢ / ١٩٩٤ ل: ٦٥١- ٦٧٤

### ساڵژمێری پەنابەرێک. فێرنبێرگ ، ١٩٨٤ز.

هەرکە لاوی یا خانەوادەی نوێیان بۆ لاگەرەکامان دەهێنا ، هاتنە سەردانی ئەوانە، لەلایەن چەند کەسێکەوە ، کە زۆریان ئافرەت بوون ، دەستی پێدەکرد. هەر یەکەشیان سەر بە کەنیسەیەکی سەرچاوە جیاوازبوو. ئەو ئافرەتانە بە تاقەت و ڕووخۆش و بە ئارام و وەردرێژبوون... لەدەوری ئەوانە ، هەنگ و شیلەیی دەنیشتنەوە ، پیشبڕکێیان بوو، کێ؟ کێ بگرێو ، کەمەن کۆی خۆی بکات و بیکاتە ماڵی خۆی؟ کوردانە تر بیڵێم، وەک باخ و مێرگ ببێتە قەیاغەی خۆی. بەرنامەکانیان چەن لایەن و ، لەگەڵ ویستی

---

لە ١/١٢/ ٢٠١١ز. دا یوئێن رایگەیاند : تا ئێستە ١٦ ملیۆن. بەم نەخۆشیە مردون ، وە ٣٤ ی تر گرتوویەتی. نەخۆشییەکانی تری وەک زوهری و سفلس ... هەر لەم کارە دەکەونەوە. لە ئاڵمان لە ٢٠٠٦ز. دا ڕاگەیەنرا: ٥٠٤ کەس بەوە مردوون ، ٥٩٠٠٠ تووشبوون. شایەنی باسە بوترێت: یاسای هاوسەری یاسایی ، کە سەرچاوەی دینەکانن ، بەرز خۆی دەنوێنێت ، هەر جووتێك تەنها بۆ یەک دەبن. دانانی بەردی بناغەی خێزان ، لەسەر پاکی و تەندروستی و ویستی خوا.

پەنابەرەکان دا ، دەیانگونجان. وەک بردنیان بۆ گەڕان... ڕێکدەکەوت یا ڕێکخرابوو ، لەو گەڕانە چەندبارەبووانەدا ، کیژێک بناسێت ، یا پێی بناسێنن. پاش ماوەیەک دەبووە ، هاوڕێی. بە تێپەڕبوونی وەخت ، ئەو کیژە پەی بە هەموو دیاردەیەکی
دەرونیی ، پەروەردەیی ، دینیی ،... پەنابەرەکە دەبرد.( کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکات). ڕێکیش دەکەوت ئەو ژنگەلە گێچەڵێکی دەست هەڵبەست ، بۆ پەنابەرەکە بنێننەوە. لە دواوە باسی فریودان و سوزانە دێت. ئەو هۆیانەی وای دەکرد ، هەندێک لەو پەنابەرانە ، بکەونە ژێر ڕکێفی ، ژنگەلی تەفرەدەرەوە: نەبوونی ڕۆشنبیری ئیسلامیی ، قەولدانیان بۆ ئیش بۆدۆزینەوە ، مۆلەتی لێخوڕین دەرهێنان ، وەرگرتن بە پەنابەرێکی یاسایی ، ناخۆشی گوزەرانی لاگەر.. بۆ نمونە من و خێزانم و بە
منداڵەوە وا بووین:
( ژیانێکی چوونیەکی ڕۆژانە ، وەک سەگێکی گوللی دەردەدارانە ، دوور ئاوەدانی نرابێتەوە بە نیشانە. یەکێ نەبوو کە بتدوێنێ ، ناسۆر سوککەر مرۆڤانە. خواردنێکی سەپێنراوی ، ئێمە نەخۆری ناباوانە. هەر بەیانی ماشێن دەهات ، خواردنی نیوەڕۆی پێ بوو ، قازان لە حەوشا دادەنرا ، تا نیوەڕۆش ئەوە جێی بوو.
هەمەچەشنەی پەناهەندە ، هێمن تێکەڵ لای سازندە ، لە ناوچە دەرچون بە سزا بەندە ، لە ژورێکدا چەند دانەیەک ، هەر ڕۆژەشی ئاژاوەیەک. هەرکە دەچویتە ناوبازاڕ، بێتاقەتی بۆ سەیری شار ، قژ و پێستی ڕەشیان دەدیت؟ ڕق و بێزیان لێ دەکردیت ، لە ئێمەوە دوور دەڕۆشتن ، وەک ئاگر بینو بسوتن! ئەو ڕەوشتانە وای لێدەکردی ، زوو بڕۆیتەوە لەدەر خۆت نەگری ، لەسەر دیوار و ڕۆژنامە ، تەلەفزیۆن قاوەخانە، کاریکاتێر و تەشەرو تانە ، یانی پەنابەر ؟ ئەمە بەشتانە. خەرجیەکی مانگانەت هەبوو ، پیسکەی تەڕپیری بەشت بوو ، دەبوایە وەکو ڕەمەزان ، بەرۆژوبی لە ویستی ژیان.
لای خۆمان غەریب ، لەسەر سەرانە/ ئێمە چەند سوکین ، لەم هەندەرانە؟!)
لەو ئامانجەی ئەو ژنگەلە هەیانبوو ، شۆردنەوەی بیری نێچیرەکەی بوو ، لەچەند لایەنەوە. لە پاش قالْکردنیان لە خومخانەی ویستیان دا. هەشبوو لەو پەنابەرانە لەبەر دەسکەوتێکی کاتی خۆی پێوەهەڵواسیبوون. ئەو جۆرە پلانانە جا ناوی بنێن: هەڵگەڕانەوە ، یا بەکرێگرتن یا فریودان... بەگەرم دەگیرا ، لەگەڵ ئەوانەی لە وڵاتانی حەزیانەوە هاتبوون. پلانێکی دووربینی بەرهەمداری لیوە چاوەڕوان دەکەن. بە تایبەت ئەوەی خوێندنێک تەواودەکات ، یا بۆی تەواو دەکەن!
دینەکان بڕوا و کۆمەڵە یاسایەکی پارێزەری یەزدانین ، بۆ بەختیاری مرۆڤ و مرۆڤایەتین. دینی خوایی ، لە بیری هەر کسێکدا چەسپا ؟ دیاردەیەکی پاکی ئاشکرا لە ڕەوشتی ئەو کەسەدا هەست پێدەکرێت ، دوورە لە هەموو خراپە و هەڵە و لادانێک. لادان ، کاڵکردنەوەی بیر لە دین ، زمان ، نیشتیمان ، کولتوور... لە مرۆڤی خاوەن ئیمان ناوەشێتەوە. بەڵکە خۆی پێوەهەڵواسیوە، یا لایەنێک هەڵیواسیوە. پەندی کوردی دەڵێت: دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێت. قورئانیش بۆئەوانەی بڕوایان پێیەتی؟ لە سورەتی ئالی عیمران دا، ئایەتی ٨٥ فەرمویە:( ومن یبتغ غیر الاسلام دینا؟ فلن یقبل

منه ، وهو فى الاخرة من الخزسرين.): هەرکەس بە دینێکی تری بێجگە ئیسلام ڕازیبێت؟ پەیڕەوی لێوەبکات؟ لێی وەرناگیرێت! لە قیامەتیشدا لە زیانکەرانە.
بە پێی ئەم ئایەتە ، کە بۆ هەموو دینەکانی سەرزەویە ، هەرکەس بمرێت و لەسەر دینی ئیسلام نەبووبێت ؟ پاداشی ئەو دنیای خراپ دەبێت ، یانی بە تەمای پاداشی باشە نەبێت. پێنج ئایەتی دوای ئەوەی سەرەوە سەیرکەن ، ئەگەر بۆ قیامەت بە تەمای پاداشی چاکەن؟.

**سووزانە. ڤێرنبێرگ ، ١٩٨٤ز.**
هەرچەند ئەو ڕۆژە ماندوو بووم و لەکاری بێگاری گەڕابووبوومەوە ، بینیم کاک کەریم لەگەڵ لاوێک و ژنێکی نەناس دا لەماڵەوە دانیشتبوون. لەم شوێنە دوورە دەستە، دۆستێکی وا ، بە سەرت بکاتەوە..؟ هیلاکیم ڕەوییەوە ، ساتێکی خۆشی هێنەربوو.
کوڕە خۆ دەممان بۆگەنی کرد ، بۆ دوو قسەی کوردی.. گەنج و ژنەیان پێ ناساندم، کوڕە کوردی سوریەیە ، لە کەمپەکەی ئێمەیە ، ژنەکەش ئاڵمانە و هاوڕێیەتی.
بە ماشێنی ئەو ژنە هاتووین. سات نا ساتە یەکیان دەلێسایەوە. لە ناو کوردان دا، شای چیرۆکی ئەویندارارن دەبینرێت ، مەم و زین ، لاس و خەزاڵ ، خەج و سیامەند ، بارام و گوڵئەندام... کە قوتابخانەیەکن بۆ وەفا و داوێنپاکی و دڵسۆزی ، لەنێوان دوو دڵخوازدا، هەر ئەدەب دەبارێت. ئێمەش خۆمان بە قوتابی ئەو قوتابخانە دەزانین، هەرکەسیش لەم هەندەرانە ،( خۆی گووم نەکردبێت ؟ یا نەیهێشتبێت کە گوومی کەن؟)
ئەوە هەروا ، ماوە ودەمێنێت. دین و ڕەوشت و ڕەسەنی.. کوردی ناگۆڕێتەوە ، بە ژیانێکی ئاژەڵی لە نێوان ، چەند لنگێکی گەناوی دا ، کاتێک دێنەوە سەر خۆیان وبە خۆیانا دەچنەوە ، درەنگەو ، بە دەردی دەروونی و پەروەردەیی و جنسییەوە... تلاون.
ئەم میوانەی ئێمەش لەو جۆرە کەسانەن ، حەزدەکەن ، یا پێیان دەکەن ، لە پاداشی شتێک دا ، بێگانەکان کە ڕەوشت و دینیان لە خۆیان ناچن ، تێوەیان بگلێنن ، و ئارداویان بکەن. خۆشەویستی ڕاست لە نێوان دوو دڵخوازدا کارێکی پیرۆزە ، کاتی خۆی هەیە بۆ دەربڕینی ، نەک لە میوانی و لەبەردەمی خیزانێکی کوردی تازە هاتووی ، نەناسیاوی ، یەکەمجار بینراوی ، دوور لە باو و مۆدی ئێرەدا... ئەوانە دەزانن ئیمە وانین ، کە دەشزانن؟ بۆ دەیانەوێت هەرچی زووتر ، ئەم ڕەوشتە پاکەمان بگۆڕن وسەرچاوەکەشی لیخن بکەن؟!.
بەڵێ سووزانە لای ئێمەدا ، واخۆی دەنواند ، دەتووت لە (قوتابخانەی خانی) دا خوێندوویە و ئەم زین ، ـە !.
ساڵ هاتوو چوو ، ئێمە چووینە سەردانی ماڵی باوکی سیروان. هەر سووزانە زانی بووی. کوڕە دۆستەکەی ناردبووە شوێنمان . حەزدەکەم هەر ئەمشەو ، بێنە میوانیم ، کاتیش زستانە و دوای کاژێڕی هەشتی شەوە ، ئێمەش هەر شەوێک لێرە دەبین ، تامەزرۆی قسەی کوردانەین. ڕۆشتین لەسەر مێزێک هەندێک پسکیت و وشکە قەیسی دانرابوو، ژوورەکە زۆپایەکی خەلوزی تیابوو ، لەوەدەچوو تازە ، ئاگری پێوەنرابوو. ساڵیش چلەی زستانە. سەگەکەی پاڵی زۆپاکەی لە ئێمە گرتبوو. پاش گەرم بوونەوەی کەوتە بازبازێن و دەم بۆسەر مێز بردن. بۆنی ژوورەکەش لەوە دەچوو ، جێی هەمیشەیی

سەگەکەش هەر لەوێ بێت. سووزانە ووتی فەرموون ، من حسابی لای خۆمانم دەکرد، ئەوەم بە شەوچەرە دەزانی ، خواردن لە دواوە دێت. بەڵام هەر ئەوەش بوو. س. کە دوو دەنکێکی خوارد ، ئیتر لەگەڵ سەگەکەی بەشیان دەکرد. با ئەوەش بڵێم ، وەنەبێ ئێمە سەگ یا گیاندارمان خۆش نەوێت. لای ئێمە سەگ ڕادەگیرێت ، بۆ ڕاو و لەگەڵ ڕان و گاگەل دەبرێت ، لە تۆشەبەرەی شوان بەشی دەدرێت ، پاسی پێدەکرێت ، کوولانەی بۆ دەبەسرێت. ئیتر وەک ئەمەی س. لە دیوەخان ناخەوێتو ، لەگەڵمان نان ناخوات. سەگ بەوەفاترین گیاندارە و هاوڕێیەتی خاوەن ئەشکەوتەکانی کردووە. لەم کاتەدا س. لەگەڵ ژنی من و کاک کەریم ، مەشغوڵی قسەکردن بوو ، کوڕە کوردەکە بەناو خانووە ، بەکرێگرتەکەیاندا گێڕانینی ، لە یەکێ لە ژوورەکاندا چیم دی؟:
( ژوورێکی پەنجەرە شکاو ، دەرگا لەسەرپێ دانەخراو ، زستانیش لای هەموو ناسراو، یەک سۆبەی خەڵوز دیاربوو ، ئەویش جێگەی ژووری یار بوو ، کەی دۆستی خۆی لەماڵ بووایە؟ گرمەی سۆبەش دەس بە کار بوو. چوون دایک وێڵی دۆست بوو ، منداڵی پشت گوێ خست بوو ، بۆ هاوڕێ پۆلیسی ڕێ بوو ، بۆ منداڵان ئاگر ، هەر جێ بوو ، دوو کوڕی ٦ و ٨ ساڵان ، سەرما لە یەکی ئاڵانبوون ، لەسەر یەک جێ ڕاکشابوون.
سەگیش لە باوەش دەگیرا ، دایم لەگەڵ ژن دەبینرا ، بە قەمەرە بە ڕۆژ دەبرا، خواردنی خۆی بۆ دەکڕا ، مناڵیش تەنها لە ماڵا ، هەرزە بێ باوک بەرەڵا ، کە ژنە زانی دیومە منداڵان؟ پەیوەندی گەرمی خاوکردەوە ، ئێمەشی لەبیرخۆی بردەوە.

ماڵ بێ گەورەبێو ، دایکیش وا بێت؟
پەروەردە لەکوێ ؟ بەرهەمی چا بێت؟
کە لە دڵ نەما ، یاد و ترس لە خوا
هەر بە دەستی خۆی ؛ خۆی خۆی ، سەردەخوا ).

بەڵێ ئەو دیمەنی منداڵانە ، باوک ڕۆشتوو ، بێنازی ، تەنیایی بێ ئاوەزی دایکیش ، لە وەردە دەیمی بیرم دا ، هێڵێکی کێشا. پاش ماوەیەک پچڕان و گوومبوون لەیەکتری ، لە ئەنجامی بارکردن و زمان نەزانین دا ، کوڕە کوردەم دییەوە ، خێرا هەواڵی دۆست و مناڵەکانم لێی پرسی. وتی: برین لە قاچی هاتووە ، منیش وازم لێ هێنا ، ئەو باوکی دوو منداڵەکەی ، کەلە خۆشیان بووە ، بەجێ هێشتووە ، وەفای بۆ من دەبێت چۆن بێت؟ مناڵانیش خراپترن. لە پێشەوە لە باسی قەڵاکەی ڤێرنبێرگ دا ، یا لاگەرە کۆنم بۆ کردن. لێرەدا ١٥ مانگێک ژیاین. ڕۆژێک نامەهێنەر نامەیەکی بۆهێناین ، تیایا ڕۆژ و جێگای دادگاییمان لەسەر داوای پەنابەری ، تێدا دیاری کرابوو. لەو ڕۆژەدا هەر ٤ مان ڕۆشتین ، دەیان پرسیاریان لێکردین وەکو: بۆ ئێراقت بەجێ هێشت؟ بۆ هاتیت بۆ ئەڵمانیا؟ بڕۆیتەوە چی ڕوودەدات؟ ... هتد.

### دادگای نورنبێرگ/ ١٩٤٥:

دوای تەواوبوونی جەنگی دووەم ، بۆ تاوانبارانی یا نازیانی هیتلەری ئاڵمانی دانرا، کە تا ئەمڕۆش بڕیارەکانی کاردانەوەیان هەیە ، لەم ئاڵمانە ، دەبینین و دەبیسین

لەپڕ نازیەکی ڕاکردووی ، خۆ گوومکەری ئەوکاتەی جەنگی دووهەم ۱۹۳۹- ۱۹٤٥ز. ، کە لە بەرازیل و شیلی و ئەرجەنتین... ،خۆیان خەفەکردووە و حەشارداوە . ئێستا پیر، پەکەوتە ، لەسەر عەرەبانە ، دەیانگرن و دەیانهێننەوە ، بۆ دادگایی کردنیان! دەبێت تاوانبار ئاوای لەگەڵ بکەیت ، نەک لێخۆشبوون و داڵدەدان ، وەک ئەوەی لە کوردستانی ئێراق دا، لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەنفال و پاڵەوانانی شەڕی خۆخۆری دا، دەبینرێت. من وام پێ باشترە: خۆزگە مردووە کانیشیان ، دادگایی بکردایە. تا مردوویەکی خۆخۆری کوردکوژ ، دوایی ناویان بە پاڵەوان لەسەر کتێبەکانی قوتابیان نەبرێن و نەبینرێن. بەڵکو بە دیوە ڕاستەکەیان دا ، بۆمان لێبدەن ، بە تاوانبار، بناسرێن و ببینرێن. بۆ ئەوەی چی زیانی داوە لە نەتەوەکەی ، بەنەوەی ڕۆژ ، بە ڕاستیی بگەیەنرێت.

**بـڕیـاری دادگـا. ٤/١٧ /١٩٨٤ :**

دادگای ناوبراو نامەی دانپیانانمان ، وەک پەنابەری سیاسی ، بۆ خۆم و خێزانم بە بەڵێو دوو منداڵەکەشمان بە نەخێر پێڕاگەیاندین . بۆ منداڵان دوای تەمەنی ۱۸ ساڵان، کارمان بۆکردنەوە و وەرگیران. دوای چەند ڕۆژێک پاسپۆرتیشمان بۆهات ، ئیتر ئازادبووین ، بۆ کوێ دەتەوێت ؟ دەتوانی بڕۆیت و درێژە بە ژیانت بدەیت. یانی لە ۱۹۸۲/۱۱/۲ ئێمە چاوەڕوانیمان کردووە.

**بـارکـردن بـۆ شـاری نـۆیـنـمـارکت. ١/ ٦ /١٩٨٤:**

ئەم شارە هەر سەربە ناوچەی ، دەوڵەتۆکەی بایەر بوو ، لە باکوریدا هەڵکەوتووە. نزیک بوو لە نورنبێرگەوە ، لە لاگەرە کۆنەوە هەر سەعاتێک دەبوو. بەهۆی ماڵێکی کوردی تورکیاوە ، کاریان ڕاست بێت ، ژوورێکیان بۆ گرتین. ماڵ دۆزینەوە بۆ ئێمە ستەم بوو ، کە هێشتا هیچمان لە زمان نەدەزانی. وە زۆری خاوەن خانوەکان حەزیان لە چارەی ئێمەی بێگانە نەبوو ، تا خانوومان بدەنێ. دراوسێکانمان هەموو خەڵکی تورکیابوون. ساردبوو ، سۆبەی خەڵوزمان هەبوو. باش گەرممان نەدەبووەوە ، ڕۆژێک خێزانی کاک کەریمی هاوڕێم هات بۆ لامان ، هیتەرێکیشمان بۆ داگیرسان ، ئەوەندە لە هیتەرەکەوە نزیک بووبووەوە ، مەشغوڵی قسەکردن بووین ، لە دوایەوە دووکەڵێک بەرزبووەوە ، سەیرمانکرد ، پاڵتاوەکەی ئەوە وا خەریکە گڕدەگرێت. لە باشیەکانی ئەم شارە: قەسابخانەیەکی هەرزانی لێبوو ، کیلۆی گۆشتی بە ئێسقانەوەی بە ۳ مارک دەدا ، لە هیچ شارێکی ئەودەورە ، ئەوە نەبوو!.

لە فەرمانگەی کارەوە نامەمان بۆ هات ، کە دەبێت لە ٥/ ۱۲/ ەوە لە نورنبێرگ بۆ ماوەی ٦- ۸ مانگ کۆرسی زمان بخوێنن. ئەو یانەی خوێندنە ، خەمی خانوشیان بۆ خواردین ، لە شاری فیۆرت کە تێکەڵ بووبوو لەگەڵ نورنبێرگ ، دوو ژووریان بۆ گرتین و لە سۆبەش ڕزگارمان بوو. کۆرسمان تەواوکردوو دەرچووین.

**نـاسـینی هاوڕێـیـەک.**

هەر لە تاران کەلە پارکی پەنابەران بووین ، پێش دەرچونمان بە ۷ ڕۆژ کەسێکم ناسی بە ناوی کاک کەریم ، خێزاندارو ، خاوەنی ٥ منداڵ بوون ، خەڵکی سەیسایەقی ، شارەزوور بوو. کە ئێمە لە ئێران دەرچووین ، ئەوان دوای ئێمە بە ۲ مانگ ، لەو ئەڵمانیە گەورەدا ، کەلە خاکی ئێراق گەورەترە ، خوول خوول ئەو خێزانە ، لە

تسیرندۆرف ، بوونەوە بە دراوسێمان! پاش وەرگیرانیش بە پەنابەر ، هەر هاتنە نورنبێرگ و نزیکمان بوون.

**هاورێکەم ، کاک کەریم بە ژێر شەمەندەفەرەو بوو، مرد !. ٧/ ١٩٨٤ :**

ناوبراو لە شارۆچکەی پۆستپاوەر، لەسەردەمی لاگەردا ، زیاد لە ساڵێک لێرەدا ژیان. سەر بە ناوچەی بایەرە ، سەروی کەوتوە. لە ئێستگەی شەمەنەندەفەرکەیدا ڕۆژێک لێی دادەبەزێت. دەیانووت یەکێکی باریی تر بە پاڵیدا تێدەپەڕێت ، ئەم کەسە دەبێت بە ژێرەوە و هەرلەوێدا دەمرێت. ئەو شوێنەی ئەمی تیا دابەزیوە ، پێش گەشتنی شەمەندەفەرەکەیە بە شارۆچکەکە ، ئەم وەستانی دوور لەوێشەوە ، لەوانەیە لەبەر کارێکی تەکنیکی بووبێت ، بەڵام لێرە سکەکان شا، سکەن. دووانن ، پێویست بەوەناکات ، یەکێک بووەستێت ، تا ئەوەی تر جێی بۆ بکرێتەوە ، بێت تێپەڕێت.
لە ئەنجامی ئەم ڕوودانەدا چەند پرسیارێک خۆیان گیڤ دەکەنەوە: دەرگای شەمەندەفەر تا نەگاتە ، ئێستگەی وەستانی خۆی ، دەچێتە کلیلە ، ناکرێتەوە ، نابێت بکرێتەوە. ئەم چۆن توانیویە بیکاتەوە؟ چۆن بۆی کراوەتەوە ؟ ئەوێک ساڵێک زیاتر لەو شوێنە بچوکەدا ، ژیابێت؟ چۆن نازانێت ئێستگەی شەمەدەفەری شارۆچکەکەی، وەستانی لەکوێدایە ؟ گەر وەستاویشە و ڕاستە ، بۆ یەکێکی تر لەگەڵیدا پێوە نەبووە؟ ئەگەر ئێستگەش نەبووبێت؟ خەڵکی ناو شەمەنەفەرەکە ، چۆن ئەمیان نەگێڕاوەتەوە، لە دابەزین؟ لەم جۆرە مردنە سەمەرانە ، لە بێگانانیش دەقەوما.
خێزانەکەی ڕای هاتە سەرئەوەی ، من لێرە بەم ٥ منداڵەوە ، ژیانێکی بێ کێشە بەسەر نابەم ، بڕیاری دا ، لەگەڵ مێردی مردوویدا بگەڕێنەوە. بۆ کوردستان. کەسێکی کوردی سوریە کاری ڕاست بێت ، لەگەڵ دایکی منداڵەکاندا، چوو بۆ باڵوێزخانەی ئێراق لە شاری بۆن ، بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن ، لەو ڕژێمەی کە کاک کەریم لێی هەڵاتووە. ڕەزامەندیان پیشاندابوون.
دۆستێکی ئاڵمانی خێزانەکە ، وێنەیەکی بە چەند جانتاوە گرتن و هەواڵی گەڕانەوەی خێزانیکی ، باوک مردوو بۆ ئێراق لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوەئیتر هەر خەڵکی ئەڵمانی بوون و دەهاتن کۆمەکی پارەیان دەهێنا بۆ خێزانەکە ، ٢٤ سەعاتی نەبرد ، ٢٨ هەزار مارک کۆمەک کۆکرایەوە! ئافەرینتان لێبێت ، نەتەوەی ئەڵمانی ، سەغی تەبیعەت!.
جێی خۆیەتی باسی ٢ کەسی تریش بکەم ، یەکێک ئێرانی: وتی ئەگەر نەڕۆنەوە؟ من کەفیلی بەخێوکردنی ئەم خێزانە دەگرمەئەستۆ ! دایکە بڕیاری نەگۆڕی ، ٥ هەزار مارکی پێشکەشکردن.! فەلەستینیەک ٧ هەزاری هێنابوو! ئافەرین کەسانی بە ئەمەک لە خۆتان و لە نەتەوەتان. خێزانەکە بە مردووەکەوە ، کەوتنە ڕێ بەرەو فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت ، تابە فڕۆکەی ئێراقی بگەڕێنەوە. من و وەک خواحافیزی هاوڕێیەتیم کردن.
کەسێکی لە کوردی تورکیا یا سوریای دەکرد، وەک کارئاسانکاری لە تەسلیم کردنی جەنازەکە ، بە کەسانی باڵوێزی ئێراق ، لە فڕۆکەخانە ، لەگەڵیان هاتبوو. پێش ئەوەی سواری پاسە بچووکەکە ببین ، تەلەفۆنێکی بۆهات ، تۆزێ دوور کەوتەوە ، ئەوەم گوێ لێ بوو ، لە وەڵامەکەیدا، ووتی کوردێکی ئێراقمان بە ناوی هادی... لەگەڵە.

ئەم تەلەفۆنە ، هەواڵەکەی فرۆکەخانەکەی بوخارستی ، کۆپی کردەوە و دای بە گوێم دا. کە پیاوانی دەزگای سیخووڕی سەدام ، ئێراقی ڕاکردوو ، لە ئەوروپا دەڕفێنن و بێ هۆشیان دەکەن و وەک مەیت ، بە هێڵی ئاسمانی ئێراقی دەیانێرنەوە بۆ بەغدا. ئێستەش مەیتی ڕاستی ئامادەیە و فڕۆکەش ئێراقیەو ، منیش ، هادی ، مەیتی زیندووم ، وەک دووەکەی بوخارستم لێنەکەن ؟ کە گەشتینە فرانکفۆرت ، پیاوەکە (خەڵکی تورکیا بوو) ڕۆشت بۆلای ، لێپرسراوانی باڵوێزخانە ، کە کاری وەرگرتنی ، جەنازەو ناردنەوەی بکات ، من نەوەستام ئەو ، یا ئەوان ، بێنەوە ، خوا حافیزیم لە خێزانەکە کردوو ، تۆزێکم بۆ باسکردو بە پەلە ، لەوێ دوورکەوتمەوە ، بە ئاگادارکەرەوەی فرۆکەخانەکە ، سێ جار گوێم لێبوو ، ناوەکەم خوێنرایەوە ، تکا لە فلان دەکەین ، بێت بۆ ژووری فلان!.
من نەچووم بە پەلە بۆی دەرچووم و گەڕامەوە بۆ نورنبێرگ. هەرچی لە هەڵەبجەوە بەرەو سلێمانی دێم و دەڕۆم ، دەگەمە لای گۆڕستانەکەی سەیسایەق کاک کەریم بیر دەکەوێتەوە ، دوعایەکی فاتیحەیی بۆ دەخوێنم . خوا لێیخۆش بێت ، هاوڕێیەکی چاکی غەریبیمان گوومکرد!.

## پزیشکو سیخووڕیی ؟! ١٩٨٥ز.

من و زۆری وەک منی پەنابەر ، لە سەرەتاوە لەبەر نەزانینی زمانی ئەڵمانی ، یا هەستی ئێراقچێتی و دینی ، دەچووینە لای هەندێک پزیشکی بە تایبەت هی دان ، عەرەبی ئێراقی ، وە ئاشکرایە لێرە هەموو ناونیشانێکی نەخۆش لای پزیشک هەڵدەگیرێتو دەیزانێ. بە داخەوە لەم پلەیەدا هەندێکیان بووبوونە سیخووڕ بۆ دانی، ناونیشانی ئەو نەخۆشە ، ئێراقیانەی لایان هەیە ، بە پیاوانی هەواڵگری ئێراق ، لە پاداشی ئەوەدا ، بە ئازادانە سەردانەوەی ئێراق بکەن و بێنەوە ، هاوڕێیەکم وای لێکرابوو...

## بارکردن بۆ کیرسپە ، شەمەندەفەر. ١١ / ١٩٨٦ز.

فارگۆنی شەمەندەفەرەکە تا دەهات چۆڵتردەبوو ، وای لێهات هەرخۆمانی تیامابنەوە. ئەم دیاردەیە وا دەنوێنێت هەواری تازەی ، ئێمە کۆچ بۆکردوو ، دوور ئاوەدانی و چەپ کەوتوە. کەوابوو یانی زیاتر تەنیایی و تۆخبوونەوەی ئازارەکان...
لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد ، بەفردەباری ، هەر کڵۆ و پروشەیەک، دەیویست خۆی بکات بە ژوورا. کۆلارەی خەیاڵم پەتی پچڕا ، گردۆڵکەکان ، درەختەکان، کوێستانان خاڵخاڵ.. بردمیەوە هەورامان.
ئەها ، دیسان تەزوویەک هاتەوە بە دەروونم دا. منداڵان ؟ ساڵێ گەورەتر ؟ پەتای ئەوروپا ؟ ڕەوشت و زمان و دین.. کاڵ بوونەوە ، مانگرتن ، ڕەدووکەوتن ، تووانەوە، نەچوونەوە ، حەیاچوون... جا منداڵم گەورەبێت و ئەوانەی لە بیرکردبێت؟ خەجاڵەت نابم ، لەبەردەم ، کورد و کوردستان؟!.
لوورەی شەمەندەفەرەکە ڕاپچڵەکانم ، بەخوا باش بوو لە چ خەیاڵێکی نا ئاسودەدا بووم ؟ وەستایەوە ، دەرگاکەی کە لای ئێمەوە بوو ، کرایەوە. جیڕەی کردنەوەی ، دەرگای

چلووره بەستوو ، لە دەروازەی دارینی کایەنی کوردستان دەچوو. ڕووەو ئێمە هاتن، ژنێکی جوان و دوو منداڵی پێست و قژ ڕەش. لای من خێرا کێلی ئەم پرسیارەی قنجکردەوە : دەبێت باوکیان بێگانە بێت؟ لامانەوە دانیشتن ، ناوم (م. ) وشەکانی وەڵامی کێلە قنجبووەکەی ، وەک بۆی چووبووم ، دایەوە. هەر نیوکاژێرێکی تر ڕۆیشت، دیسان وەستایەوە. ژنە وتی ئێوەش دەبێت دابەزن ، ئیتر نارِوات. دەبێت لەمەولا بە پاس یا بە تەکسی بچن ، بۆ ئەو شوێنەی ئیوە بۆی دەڕۆن. ناو و نیشانی خۆی بۆ نووسینو دای پێمان. هەر دامەزران وەرنە سەردانم. بەخوا چاکە ، هەر لە ئێستەوە خیزانێکی نوێمان ناسی ، چەند لەگەڵ ئێمەی بێگانەدا ئەرباب بوو؟! تۆ بڵێی لێرەش هەر دژی بێگانە بن ؟ بڕواناکەم ، خۆ بایەر نییە. پاش ماوەیەک کارتێکم نارد بۆ م. خان ، نووسیبووم: کەی باشە بێینە سەردانتان ؟ وەڵام هاتەوە ، ڕۆژێکی دیاریکردبوو، وە نووسیبووی مەترسن گۆشتی بەرازتان بۆ لێنانێم ، ئەها ئاااا ، ڕەوشتی موسڵمانانیش دەزانێت! خۆیەتی مێردەکەی لە خۆمانە.. ڕۆژی دیاریکراو چووین ، لە ماڵەوە هەر خۆی و دوو مناڵەکەمان دی. وەک ڕۆژی ناو شەمەنەفەرەکە. چاوێکم بە ماڵا گێڕا و دانیشتین:

( گەلاوێژێکی سەرکەل لە جوانیدا هەڵاتوو ،گوڵەباخێکی تازە پشکتوو ، کچە جافێکی ناو دەواری ، ناز پشت تێکردوو ، لە هاوینی دووجەیلا کانیاوێ بەفراو ، لە کوێستانی شاهۆدا کەڵی سەربەردی کانیاو ، لە بەرانبەر بێگانەدا ، بە ڕەحمێکی چاوەڕوان نەکراو. بەسەیری تۆ چنار ڕەونەقی نامێنێت ، سووری گۆنات ، ئاڵووالات پەلکەزێرین دەنەخشێنێت ، وەک کەوێکی بەهار کە لە بواردا دەخوێنێت ، نازەنینێک بە بینینێک دەیان دڵ دادەخورپێنێت.

لەگەڵ ئەو جوانیەدا خەمبار ، لە هەر ڕستەیەکدا ئاهێک دەردەچوو لە زار ، بە کورتی: تریقەی لێو و نیگای ئەفسونیی ، جوانی ( گۆران) ــم ، گشت تیا دەبینی. بەلام ماڵ پرژوبڵاو ، ناوکەنتۆر بە جل ئاخنراو ، دوو منداڵی دوو و چوار ساڵان ، وا سەری قاڵ بووبوو پێیان ، ژیانی بێ پلان دەگوزەران ، چونکی کاری پێنەدەکرا ، بووبووە گەدای ناوی دۆستان).

پرسیم مێردەکەت کەی دێتەوە ؟ وەڵام نەبوو ، خۆی دەخڵافان وەک نەیبیستبێت، دووبارەم کردەوە ، بزەیەک گرتی وتی: با جارێ نان بخۆین دوایی باسی دەکەم. پاش ماوەیەک وتی:

کوڕێکی پاکستانیم ناسی ، کە وەک ئێوە پەنابەر بوو ، بوومە هاوڕێی ، ماوەیەک پێکەوە ژیاین ، ئەو مناڵە گەورەیان لەوم بووە. لەبەرئەوەی مافی پەنابەریان پێنەدا، ناردیانەوە. ماوەیەکی تری پێچوو یەکێکی ترم ناسی ، خەڵکی بەنگلادیش بوو ، لەگەڵ ئەمیش ماوەیەک ژیاین. مناڵی دووەمیش هی ئەمیانە.

ڕۆژێک لە ماڵەوە بووین ، درا لە دەرگا ، کە کردمەوە ، کێ بوو؟ هاوڕێی یەکەم، پاکستانییەکە. هەر واقم وڕما! چۆن هاتوەتەوە ؟ ئەو لێرە دەرکراوە ، ئەو هەموو خەرجیە خێراییەی لەکوێ بووە ؟ هاتە ژوورەوەو دانیشت ، هەواڵی کوڕەکەی پرسی. وتم لە قوتابخانەیە. ئەی ئەم برایە کێیە؟ واتە بەنگلادیشیەکە ، وتم خەڵکی ئەوێیەو هاوڕێمە. چاوی پەڕییە تەوقی سەری.

چیییییی؟ چۆن؟ من ، بەهەزار بەدبەختی و فرتوفێڵ ، هاتمەوە ، بۆ لاتان ، تا خێزانە شەقبووەکەمان ، پێکەوە لک بدەینەوە. وتم بە داخەوە لەم هاوڕێیەش منالێکم هەیە ! وتی چۆن ؟ ئەی هاوار! هەی بێ ئیمانی ، بێ وەفای واو وا ... هتد بەچاوی فرمێسکاویەوە سەری داخستو ڕۆشت ، ئیتر نەهاتەوە. پاش دوو ساڵێک هاوڕێی دووەمیش مافی پەنابەرییان پێ نەدا ، دەرکرا...

ئێستە ئەمەم کە دەمبینن. دیسانەوە تەنیام ، ئەو دوو منالەشم هەیە. هێشتا بە حسابی یاساش بێت ، شووم نەکردووە! ئەم جەهەنمەی خۆم تێخستووە ، بەهەرحاڵ. بەڵام داخی مندالە گەورەکەم ، زۆرتر پەستم دەکات. لە کۆڵان و قوتابخانە ، هاوڕێکانی سەرشاخی دەگرن: بۆ ڕەشیت ؟ باوکت کێیە ؟ کوا ؟.. لەم شارۆچکەیە هەموو دەمناسن. ئەوەی دوو منالی نا شەرعی لە دوو پەنابەر هەیە؟! ئەم خەڵکی ئێمە سەیرن ، یەکێک دەناسم سێ مندالی هەیە ، هیچیشی پێ نالێن! چونکی لەگەڵ خەڵکی ئێرەدا ، ژیاوەو سەروفەسالی مندالەکانی لە هی ئێرە دەچن.

ئێمەش وتمان بەرنامەی ژیانی لەمەولات چۆن دەبێت ؟ وتی ئەوانەی گێڕامەوە بۆتان، ڕاستین. بۆ هەرکەسی باس دەکەم ، مندالەکان دەبینێت؟ لێم دووردەکەونەوە. ئیتر تۆبە ، هاوڕێ ناگرم. هەرکەس بیەوێت ببمە خێزانی ، شووی پێ دەکەم ، با بێگانەش بێت. بە مەرجێک مندالەکانم لا بمێنێت.

هەیهوو هەیهوو ، ئێوارەهات و گەڕاینەوە مالی خۆمان ، ئەمە چووین بۆ گەڕان خەم بەین بە با. کەچی بارە خەمەکانمان سەربارێکیشی بۆ پەیدا بوو! پاش ماوەیەک بە هۆی یەکێکی ترەوە لە هەوالم پرسی ، وتیان دەردی خەمۆکی سەری تێکردووە ، هەر بە ڕێی ئەم دکتۆر و ئەو دکتۆرەوەیە ، ئێمە لەوێ نەماین و ، کۆچمان بۆ شارێکی تر کرد.

## گەشتێک بۆ سوید . کیرسپە ، ٢٢ / ١٢ / ١٩٨٦- ٦ /١ /١٩٨٧ز.

هەر لە سالی ١٩٨٦ دا، لە کارگەیەکی پلاستیکیدا دامەزرام ، بوونی کار وای کرد، ئیجازەی شۆفێری دەربێنم و قەمەرەیەکیشم بە قیست بدەنێ. لەو کارگەدا زۆری کرێکارەکان لەو بەشەی منەدا ، ڕەچەڵەک بێگانە بوون ، کاری واش پاک نییەو زیانی تەندروستیشی هەیە ، بۆیە لە خۆیانی کەم تیایە. بەڵام پاش سالونیوێک ، بێزاربووم خۆم بەدەرکردن دا.

هاوڕێم کاک کەریمی ڕەحمەتی لە پێشەوە باسم کردبوو ، لە نەورۆزێک دا، کوڕە کوردێکی زگورتی ، خەڵکی کەرکوکی دیبوو ، هاتەوە بۆی باسکردم ، منیش وتم چاکە ، با لێی نزیک بینەوە ، لەم غەریبایەتیەدا ، تەنیایی هەربۆ خوا باشە. ئەو چوارسەعاتێک لە ئێمەوە دووربوو. هەردوو سەردانێکمان کرد ، کە هاتینەوە لە ماوەیەکی کورتدا ، کاک کەریم وەک باسم کرد ، تەنها هاوڕێکەم ، بە ڕەحمەتی خوا چووو! خوالێی خۆش بێت.

هەرچەند خەڵکی خۆمانەی تر ، دوور و نزیک هەبوون ، بەڵام ئەم کەسە بۆ نزیک بوونەوە لێی ، لە دلم چەسپاو ، وەسیەتەکەی ڕەحمەتیشە. ئەم ڕێکەوتە بۆ ڕوویدا؟ لێرەدا ئەم کارە لەگەڵ سوپاسگوزاریم بۆ خوا ، بەکاری ئەوی دەزانم ، بۆ لەو هەموو ئەو برادەرانەی ئێرەدا ، دڵ بەمەدا لکا؟! کوڕێک دەرچوو ، وەک کوردی ئێران دەڵێن

جالب و، عەرەبیش دەڵێن عەننابی! لە فیۆرتەوە ناوچەی بایەر، کۆچمانکرد بۆ کیرسپەی نۆردڕاین ڤ. فالن. بۆ شارۆچکەکەی ئەو. وا ئێستە ٢٠١٩ یە ، هەرچەند زۆر دوورە ، پەیوەندی هاتوچۆشمان هەر هەیە ، بۆیە لە دۆڵابی هاوڕێیانی تەمەندا ، مێشک ، لە پلەی یەکەمدا ، لۆجی بۆ گرتووە!.

ئەم کەرکوکیە باسی کچە کوردێکیان ، لە سوێد پێڕاگەیاندبوو ، کۆتایی ساڵیش لەم ئەوروپایە ، پشوویەکی باشی تیایە ، منیش ماشین دارم ، هەرچەند ساردترین وەختە، بۆ تازەشۆفێری وەک من ، ماشین لێخوڕین ناخۆشە ، بە خۆم و ماشینەوە ، لەگەڵ ئەو سواربووین بەرەو سوید.

لەبەرئەوەی ئێمە یەکەم جارمانە ، لەم چلەی زستانەدا ، بە ماشێن و بۆ سوید بڕۆین؟ پێویست دەکات باسێکی ڕێگاش بکەم:

لەدووا شاری دانیمارک ، لە سەر دەریای باکور ، کە ئەوبەریشی دەبێتە سوێد ، ئەو دەریا گەورە قووڵە بەستبووی ! ئاخر ئەمە خۆ گۆم و ئەستێڵ نییە ، پاپۆڕێکی سەهۆڵ شکێن ، لە پێش ئێمەوە چووبوو ، سەهۆڵەکەی شکانبوو یانی جادەی بۆ کردبووەوە ، جا ئەوەی ئێمە دەڕۆی. ئەستوری لە ٣٠ سم. زیاتردەبوو. ناوسک و سەربانی پاپۆڕەکەم وەک دوپشک دەهاتە پێش چاو بەچکەکانی لەسەر پشت هەڵگرتبێت ، بەڵام ئەم ناوسکیشی ٣ ڕیز ماشینی تێدابوو! جادەی ماشێن لە زۆر شوێندا ، دۆشەک بوو ، خوا بەرگی چەرچەفی بەفرینی تێگرتبوو. منیش تازە شۆفێر و تایەی هاوینە ، لە فلیمی هندی دەچوو. بە داخەوە بینینی کیژەکە ، دڵی هاوڕێکەمی کێش نەکرد، کارەکەمان هەربووە گەڕان و سەردانی هاوڕێ و دۆستان. دووایش بە ڕێی خۆماندا، گەڕاینەوە ئاڵمان. ئەو باری کرد بۆ شاری بۆنی پایتەخت ، پاش ماوەیەک ئێمەش ، لە ٨/ ١٩٨٧ دا، بە شوێنیدا چووین.

## بەغیلی. بۆن ، ٣/ ١٩٨٧ز.

( باو و ئسوڵی هەندەران ، گۆڕینی ڕەوڕەوەی ژیان ، هۆیەکی حەتمی ناچاری ، وات لێ دێ ، بچیە ژێرباری ، پەندێکیشمان دەڵێت: چوویتە شاری کوێران ، دەس بگرە بە چاوتەوە.

هاوڕێیەک هەبوو ، خەڵکی لای خۆمان،
زەڕەشیرین بوو ، لای دۆست و جیران
بەجۆرێک پەسەند ، بووبوو لە نێوان
بووبووە کەوچکی ، مەنجەڵی زەمان
لە هەندێک ڕۆژا، کارێکی دەکرد
ژینی بە پاسکیل ، دەهێنا و دەبرد
لە چەند لایەنۆ ، یارمەتی دەدرا
ئەڵمانی بووبوون ، بۆ ئەم بە برا
(نانی کەوتبووە ڕۆنی خۆمانە)
دەمانوت سەیرکەن ، ڕەحمی ئەمانە!
لە پاش چەند ساڵ ئیشکردن
پارە لادان و خەواندن
توانی بکڕێت قەمەرەیەک
نەک ( بە ترێک بێت بە کوڕێک)
بە پارەی قەرز و سوی سولفەهێنان
مێرسیدسێکی لای ماڵا وەستان
پاشی ماوەیەک ، باری سەیر گۆڕا
جیران ، برا؛ گفتیان ، بڕا !
لێی لالووت بوون ، ڕۆژباش نەما
لەو حاڵە سەرمان سووڕدەما
خەت دەهات بەلای ، قەمەرەکەی دا
دادەنرا بزمار، لای تایەکەی دا

پرت و بۆڵە و ، ڕق هەڵگرتن　　　لە گەڵیشی ، بەدەنگ هاتن
بێ ئەوەی ورتە، لەمۆ هاتبێت　　　لەگوڵ کاڵتری ، بەکەس وتبێت)
ناچار باری کرد بۆ شارێکی تر، بە ئومێدی گۆڕینێ باشتر. پاش زەمانێک یەکیان دیبوو ، زۆر تکاو ڕێزی لێ کردبوو ، هۆی عاجز لێ بوونەکەی ، کۆنی لێ پرسی بوو ، وتبووی:
چۆن عاجز نابین ، تۆ چیت کڕیوە　　　چۆن وا زوو ، بەختت ، بۆ بەرز فڕیوە؟
بە خۆوە کەسمان ، ئەوەی نەدیوە
( حەسودی ئاوا؟ تا ئەو ڕادەیە؟!　　　دۆستی لێرە ، بە پێی ماددەیە؟
گەر گەردی ئیمان ، نەما لە دڵ　　دا　　　گیاکەڵە دەڕوێت ، لە گۆلی دەم دا) [1]

**جیاوازی. بۆن ، ٦ /١٩٨٧ز.**

( لەبەر کەمدەستیو گرانی بەنزین　　　باجی ساڵانە و فیتەر و تەئمین
قەمەرە شڕەم، لێ خەواندبوو　　　شڕی ئەو ناومی، چاک زڕاندبوو
منیش دامنابوو، لەلای پشتی ماڵ　　　تاکو لێم نەکەن ، وە قاو و ، وە گاڵ
دانەیەکی تر لەوێ بوو ،　　　مانگێک دەبوو جێی گرتبوو
دیم لەسەری پاش ماوەیەک،　　　کارتێکی ئینزار نامەیەک.
تا سێ ڕۆژ، لێرە لا نەبرێت؟　　　بۆ قەبرسان، کێش دەکرێت
بەڵام بۆ من، نامەیەک هات　　　بێ ئسولّی، ئینزار و کات!
لە ڕەمز و پیت، ئاخنرابوو　　　یاسا چیبوو؟ بۆم نووسرابوو
وەک جوولەکەم لێکرابوو.

ئەگەر ١٢٠ ، مارک جەزا　　　نەنێریت ، سوود زیاد دەکا؟
گەر لانەچێت سێ ڕۆژ لەوێ؟　　　بە زوویی لاکی کێش دەکرێ
نرخی کێشیش ، لێت دەسەنرێ.

بۆ من لە خواروی ئەفریقام　　　وەک ئەوی تر ، سەیرنەکرام؟
هەی ڕۆشنبیری ڕەفت عەوام؟!
گۆڕیم و ناردم ئەم نامە　　　ئینساف بە بێگانە ، کامە؟
وا دیاربوو ، کاری خۆی کردبوو　　　شەرم تەریقی ، هۆشی بردبوو
لە تەریقی کار، چاویان نوقان　　　منیش باسەکەم ، ساڵژمێر خزان)

**ژن و ژان . بۆن ، ١٩٨٧/١٠:**

ژن لای ئەم نەتەوانە:

---

[1] – گیاکەڵە: گوڵێکی وەنەوشەیی جوانە ، شەتڵ قڕکەرەیە وەک تووتن ... لەناو هەر گۆلێکدا بێتەدەر، ئەو تووتنی گۆلەکە ، هەموو دەمرن، هەقە ناوی بنێن شێرپەنجەی توتن.

١ - یۆنانی: باشترین شت کە پیاو هەیبێت ؟ ژنێکی باشە. خراپترینیش ژنێکی خراپە.

٢ - ئەڵمانی: پیاو بە بێ ژن ، سەرێکی بێ لەشە. ژن بە بێ پیاو ، لەشێکی بێ سەرە.

٣ - ئیتالی:  هەرچەند ژن چاک بێت؟ پێویستە چەور و گریس بکرێت.
٤ - ئینگلیز:  ژن و پرد ، هەمیشە پێویستیان ، بە چاکردنەوە هەیە.
٥ - ئەسپانی:  ژن و شووشە ، هەمیشە لە مەترسیدان.
٦ - کورد:  ژنیش هەیە و ژانیش هەیە.

**ئـ /** ئەو پیاوە بێگانانەی ژنەکانیان خەڵکی ئاڵمان بوون ، لە سەدا نەوەدی ژنەکانیان، پەیوەندی پیاوەکەی بە کەسوکاریەوە لە کوردستان ، ساردەکردەوە ، کوێرەکردەوە. خۆ گەر یارمەتیەکی پووڵی ، بە ئاشکرای بناردایەتەوە ، هەرایەکی لەگەڵی دەنایەوە.

**ب /** ساچانی بەشی زۆری ، وەختی پێکەوە مانەوەی ، کوردە و ژنە بێگانەکەی ، لە ٥ - ١٠ ساڵێکە ، ژنە ئەوەندە دەمایەوە تا منداڵێکی لە کابرا دەبوو. ئیتر دەری دادگای لێ دەگرت ، پیاوە دەبێت بژیوی ژنەکەی و منداڵەکە ، تا ١٨ ساڵی بگرێتە ئەستۆ. ژنە دەبوە مشەخۆر لەسەر پیاوەکەی ، ئەو پیاوەش فیکەی خۆی دەناسییەوە ، کە ژنەکەی کڵاوی ناوەتە سەری... یا لە داخی ژنە بەلەسەبووەکەی ، وازی لەکارەکەی دەهێنا ، تا بکەویتە سەر سۆسیال ، ئیتر مانگانەکەی هەر بەشی ژیانی خۆی دەکرد ، یارمەتی نەبوو ، بۆ ژن و منداڵەکە. ئەم کارەش دیارە بۆ کەسی بە ئیمان یا بە ڕەحم ، دەبووە خەمێک ، لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەی دا، هەڵدەکشا. ئەو ڕەحم و بەزەییەش ، پیاوی ئێمە مانان هەیەتی ، لای پیاوە بێگانەکان کەمترم دەمبینی.

**پ /** ئەو پیاوە بێگانانەی خاوەن سامان بوون ، یا لێرە دەبوونە ئەوە. یا لە خوێندندا سەرکەوتو دەردەچوون؟ دەیانقۆزتنەوە ، پاڵدەرێک هانیدەدا ، یەکێ لەمان بخوازێت. ئەگەر هەڵەیەکی بچووک لە پیاوەی خەڵکی لای خۆمان ، دەرکەوتایە؟ یا ژنە کەتنێکی بکردایە ، تا پیاوە ڕقی هەڵسێت ، وازی لێ بهێنێت. دادگا بە کەیفی ژنە ، وەک (کێچ دەکەوتنە کەوڵی)  پیاوەکەوە. بەشی زۆری سامانی پیاوە ، هەر بە لای ژنەدا دەقەبڵێنرا. یانی سامانی ساماندارانی بێگانان ، لای ئەمان دەمایەوە و دەخوولانەوە. پیاوەش (دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەردەچوو).

**ماڵی باوکم ، پاش گازبارانەکەی هەڵەبجە ،چییان لێهات؟ ١٥ /٣ /١٩٨٨:**
باوکم و باجیم ، ژنی دووەمی باوکم ، و ٧ منداڵی لە ١ ساڵ بۆ ١٨ ساڵ ، ماڵیان لە هەڵەبجە بوو ، ئێرەش ١٠ – ١١ کم. هەوایی لە سنووری ئێران دوورە. ئێران لە کۆتایی شەڕی ٨ ساڵەی شەڕەکەیان دا، ژێربەژێر لەگەڵ فەرماندەیەکی دەیانووت شیعە بووە، سوپای ئێراق لەم ناوچەیەدا، کنەیەک یا دزەیەکی کردبوو. بە یارمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردیشەوە ، لە بەرەی باکووردا، پەلامارێکی ناوچەی هەڵەبجە – هەورامانی دا. لە ٣-٧ ڕۆژ هەموو لەشکرەکە ، کوژرا ،گیرا ، بەشێکی کەمی دەرچوو، بەرەو دوواوە کشانەوە. فەرماندەکەش کۆپتەرێک هات هەڵیگرت و بردی بۆ ئێران. قیروسیا خەڵک و سەرباز چی لێدێت. لویسی نازانم چەنەمی ١٥- ١٩ فەرەنسیش

وتویەتی: (خوای دەکرد لە دوای خۆم ، تۆفان هەڵدەستا). ڕژێمی ئێراقیش لای سەیسایەقەوە لە پێشدا بە تۆپ وڕاجیمە ، بەربووبوە شارەکە.
١٦/ ٣ / ١٩٨٨ز. کیمیا بارانەکە:
شاری هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی سەدام حسەینەوە ، بە گازی ژەهراوی بۆردوومان کرا . شەهیدبوونی ٥ هەزار، بریندار‌بوونی زیاترلەوە و ڕەو کردنی شارێکی ٧٠ هەزاریی بەرەو ئێران ، لە ١٩٩٠ز. دا ئەوەی لە شارەکە بە پێوەمابوو ، بە تی ئین تی تەقاندییەوە. ٢٠٠٦ ز. پەرلەمانی کوردستان ئەم ڕۆژەیان بەڕۆژی شەهید ، ناوی شاریش بە هەڵەبجەی شەهید ناو نا. شایەنی باسە: ٣٠ پسپۆڕی گازی ژەهراوی ڕوسی ، لە کارگەکانی ئێراق دا کاریانکردووە ،ناوەکانیشیان لەم سەرچاوەدا هەیە.
( ڕێبازی نوێ ، ژمارە ٣+٤ چاپکراوی : ی. ن. ك ، ل: ٦ ) .لە پێش ئێرەشەوە ، ناوچەی بادینان ، دۆڵی جافەتی ، سێوسێنان ، بالیسان کرابوون . هەڵەبجە پشکە زۆرەکەی بەرکەوت ، بوو بە قوربانیی کورد ، تاوانە جینۆسایدە ، کپکراوەکانی ، سەدامی ، قاو دا. وە بوو بە ناسنامەی ، (هەڵەبجشیمای کورد).
بە چەند کاروانی فڕۆکە بۆردوومانێکی ساروخی و ناپاڵمی زۆری شارەکەی کرد،تا هەرچی لە ژێرخان و قوژبندا خۆی شاردۆتەوە ، خۆی نەگرێت و بێتە دەرەوە ، بۆ ئامادەکردنیان: بۆ گازی ژەهراوی هەڵمژین کەلە دوای ئەو بۆردومانانەوە دەهات. ئێمە هەر لە ڕۆژی ٣/١٥/ دا، خۆمان نەگرت شەو لە شار دەرچووین بەرەو دێی عەبابەیلێی نزیک شار. لە ١٦ دا، کیمیاباران کرا چاومان لێبوو. بە سەدوو و هەزار ، ئەوانەی خێرا نەمردبوون ، بەرەو دەرەوەی شار ڕایدەکرد. بەرەو لای ئێمەش زۆرهاتن و کە گەشتن: هەبوو یەک و دووی لێ گووم بووبوو ، یا کوژرابوو. بەشی زۆریان چاویان نەیاندەبینی ، یەکێک لەو باشتر ڕایدەکێشا ، روویان برین و تلۆق و چاوەکان ئاوساوو دەرپەڕیو و بوون ، لای ئێمەش لە عەبابەیلێ مزگەوتەکە جمەی دەهات لە خەڵک ، هەرچەند ٥ کم. ێک ، لە شارەوە دووربووین ، ئێمەی لەش ساغیش بەشی زۆرمان دەرشاینەوە ، دەچوینە سەر حەوزەکەو ئاومان بە چاوماندا دەداو دەگەڕاینەوە ناوەوە. هەرکەس دەگریا، هاواری دەکرد ، بەڵام کەس نەیدەپەرژایە سەرکەس ، خێزان نەبوو یەک و دووانیان کوێرنەبووبن ، یەکێ دەستی دووانی دەگرت بەرەو ئێرە ، بۆردوومانی دەرەوەی شاریش دەکراو ناوشاریش تا درەنگانێک هەر بەردەوام بوو. خەڵکەکە لێرەش نەوەستایەوە ، بەو شاخانەدا بەرەو سنوور هەڵدەگەڕان.
بە کورتی وێنەی ئەم کارەساتە لەو فلیمەی دەکرد ، خوا باسیکردووە کە لە سەرەتای وێرانبوونی زەویدا ڕوودەدات: ( یەومە یەفیرول مەرئو مین ئومیهی وە ئەبیهی وە...) ڕۆژێکی ترسناک دادێت هەریەکە شڵەژاوە و نازانێ بۆکوێوە ڕابکات؟ با پیاو دایک و باوک و کەسیشی ببینێ ، لەوانیش ڕادەکات و ڕادەکەن..
پاسدار بە ماشینی میکزەمینی گەشتنە لای ئێمە ، بە ماڵی ئێمەوە ٢ ماڵی تریشیان تێکردو بەرەو دێی عەنەب ڕۆشتین ، لەوێ تایەیەکمان تەقی ، گۆڕییان و کەوتینەوە ڕێ ، بە دەیان مەیت بەملاولاماندا کەوتبوون ، دیاربوو زووتر ئەوانەی سەر جادەکەیان لادابووە قەراغەوە ، کەس نەیدەپەرژایە سەر مردووەکان ، زینووەکانیش ساق نەبوون، بەو ماشینە تا نزیک سنوور بردینیان. خەڵک هەبوون لە دێیەکانی هەورامانەوە وەک

خەرپانی بە کۆپتەر دەیانبردن بۆ ناو ئێران ، نەوسود ، پاوە ، لە ئۆردوگای کامیاران گیرساینەوە. پاسدارەکان شرینقەیان پێبوو ، لەزۆریان داین ، ئەوانەی لە کاتی وەشاندنەکەدا لەدەرەوەی شاردا بووبوون ، ئەو دەرزیە زۆرباش بوو بۆمان ، نەدەمردین. جێی خۆیەتی سوپاسی خەڵکی پاوە و ڕژێمی ئێران بکەین ، کە دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردین.
لێرە لە ئاڵمان ، کە ئەو ڕۆژە ئەوە قەوما بۆ شەو کەناڵی ۲ ی دەوڵەتی زێد ، دی ، ئێف بە درێژی باسیکرد ، لێرەش هەموو پارتیە کوردییەکان جاڕی خۆپیشاندانیان دا، لە زۆر قوژبنی ئەم وڵاتەوە کوردان و غەیرەکوردی هێنایە سەرشەقام ، پۆلیس نەیانهێشت تا ۱ کم. کەس لە باڵوێزخانەی ئێراق نزیک بێتەوە. سێ برادەر بە تۆپزی خۆیان گەیاندە بەر سەفارەتەکە ، سەگی هاریان پێوەنابوون. دووایی ڕۆشتین بۆ بەر سەفارەتی کوبا، برایانی کۆمۆنیست ببیستن ! باشترین پاڵپشتی سەدام بوو ، تەقەیان لێکردین ، سیانیان بریندارکردین.
ئەگەرەکان:
ئەگەر فەرماندە عەرەبە شیعەکە ،دەستی لەگەڵ ئێران تێکەڵ نەکردایە ، پەلامارەکە هەر ڕوویدەدا؟ ئێران پەلامارەکەی نەدایە ، سەدام گاز بارانەکەی هەردەکرد؟ ئەگەر پارتیەکوردییەکان ، بەڵێ یان ، نەکردایە بۆئێران ، ئەو پەلامارەکەی هەر دەدا ؟ ئەگەر پارتیەکوردییەکان ، یەکێتی بە تایبەتی ، ڕێیان لە دەرچوونی خەڵکی ناوشار نەگرتایە ؟ ئەوەندە کوژراو و بریندار دەبوو ؟ خەتای گشتان نەبوو ، ئەم شارە لە ئەنفال خراپتری پێکرا؟.
با یەکێ ئیمانداریش نەبێت ، بۆ ئەو ڕووداوە و گۆڕستانی هەڵەبجەییەکانی ، تاران و یەزد و هەرسین... چرنوکی ویژدان هیچکوێتانی نەخوراند ؟! لێرە دەرچوون ، ئەی لەو ڕۆژەی خوا: تاوانی بە مسقاڵەزەڕەشتان ، لێ دەردەخاتەوە ، چۆن ڕزگارتان دەبێت؟ (قەدری عافیەت کەسێ دانەد ، کیبی موسیبەتش گرفتار ئایەد).

## گەڕانەوەیان لە ئێرانەوە بۆ ئێراق. ۱۹۸۸/۹ز.

خەڵک دەستیکرد بە گەڕانەوە ، لە ئۆدووگاکەمانەوە ، لە کامیارانی نێوان سنەو کرماشان دا ، بەرەو سنووری پێنجوینی ئێراق. ماڵی باوکیشم یەکێک لەوان بوون ، لە پێنجوین سواری زیلی سەربازیان کردین ، بۆ عەربەت لێرە ناونوسیان کردین ، سوارکراینەوە ، باوکم پیربوو ، سایەقو حەرەسەکەمان بردیانە پێشەوە لای خۆیان. باوکم گێڕایەوە:
"ئەو دوو سەربازە عەرەبە ، زۆر نەجیب بوون ، قسەیان بۆدەکردم فرمێسکیشیان دەسڕی ، دەیانووت: بۆ هاتنەوە؟ نازانین چیتان لێدەکەن؟ بۆکوێتان دەبەن؟ بەڵام بێ چەرمەسەری نابن! لە ناو سلێمانیدا وتیان ناتوانن ڕاکەن؟..." چی ڕاکەم بە ۷ منداڵەوە ، پۆلیسی خانەنشینم ، بەڵکوو ئەو مووچەیەم نەفەوتێت ، ئەمانەی پێ بژێنم.. لە سلێمانییەوە ،بردینیان بۆ باینجانی لای بازیان ،۳ هەفتەیەک لەوێ بووین ، زیاتر لە دوو هەزار دەبووین. ،پارێزگاری سلێمانی شێخ جەعفەر بەرزنجی، سەد حەیف، بەرزنجە جێی پاکان بووە ، ئەم پیسە ، ئەوێ پیس ناکات. هات بۆلامان ، وتی

دەتانبەنەوە بۆ سلێمانی ، کەچی کە زیلەکان گەشتنە سەرجادە گشتیەکە ، بەرەو کەرکوک و هەولێر پێچی کردەوە ، سەدان تف و نەعلەتیان بۆنارد. براین بۆ گردەچاڵی لای هەولێر.

## گوزەرانمان لە گردەچاڵ ٥ /١٩٨٨ – ١١/ ١٩٨٨ :

لەو دەشتە دووپشکدارەدا ، هەموویان بێ جێ ، بێ چادرێک ، بێ خواردنێک ، فڕێداین! عەرەبەکان ببیستن ! ئا ئەمە ڕەوشتی دەوڵەتی ئیسلامە ؟! تەنها ئاویان بە تانکەر بۆ دەهێناین. بەحرکە لێرەوە دیاربوو ، ئۆردوگای بارزانیانی بارکراو و ئەنفالکراوی لێبوو. ئێمە لە ئێران چادرەکەمان ، هێنابووەوە لەگەڵ خۆمان ، لێرە هەڵمان دا، زۆری نایلۆنی هێناو دای بە سەر تەل و کۆڵەکەدا، کووخێکی نایلۆنیی بۆخۆی دروستکرد. ( بزن بۆ شەوێکیش جێی خۆی خۆش دەکات).

باسەکە خەماویە با ئەمە بگێڕمەوە کە ، وتوویێژی ژن و پیاوێکی پیری دراوسێمان بوو: پیاوە دەیوت: ژنەکە خەتای تۆ بوو ، من ڕازی نەبووم بە هاتنەوە بۆ ئێراق ، دەمزانی وامان لێ دەقەومێنن ، تۆ منت هێنایەوە. لەچیمان کەمبوو؟ لەوێ تۆ بوو بوویت بە خانم و منیش بە ئاغا ، ئەوەش نەما.

کە خەڵکی هەولێری بە ئەمەکی خواناس.. ! پێیانزانین؟ بەشەو بە ڕۆژ بە تەنها و بە سەیارە لەو حاڵە مەترسییە دارەش دا ! دەهاتن خواردن ، کەلوپەل یان دەهێناو بەشیان دەکردەوە بەسەرمانا ، خوا پاداشی چاکان گووم ناکات. ( ئینە لاهە فی عەونیل عەبدی ، مادامەل عەبدو فی عەونی ئەخیهی) : خوا لە یارمەتیدانی بەندەیەکی دایە ،کە یارمەتی بە برای دەگەیەنێت. سەرفرازی هەردوو دنیابن ، دنیایەک سوپاس بۆیان.

ئەمە لەکوێ؟ ئەوەش لەکوێ ، خەبەر لە هەڵەبجەیی دەدرا ، دەگیرا ، سەردەخورا؟!

دایکم دەستیکردەوە بە کلاش چنین و نانی هەورامی کردن و بردنی بۆ هەولێر بۆ فرۆشتن ، دیسانەوە سوپاسی مامۆستایانی ئاینی ئەوێندەرێ دەکەین ، کە هانی خەڵکانیان دابوو ، لەو نانانە بکڕن ، تا ئەو خەڵکە لێقەوماوە سوودیان پێ بگات! هەندێک لە برینداڕانی کیمیا بارانەکە لێرە مردن!.

شەش مانگێک تێپەڕی ، ئارام نەما ، قیروسیا لە ژین با ڕاکەین؟ دایکم و ٦ لە منداڵەکان ، ( شەو قەلای مێردە) ، خۆیان دزییەوە و خۆیان گەیاندە گەرەکی کارێزەوشکی سلێمانی ، لای بێسەرییەکان ، یا خوا نموونەیان زۆربێت ، ژوورێکیان داینێ ! من: کاوەی ١١ ساڵ لای باوکم هەر لە گردەچاڵ ماینەوە.

لە سلێمانی خەبەریان لێداین ، ماڵێ هەڵەبجەیی لێرەدان ، عومەر دۆشکە موختاری گەڕەک ، ڕۆژێک هات ، دەریانکردین لە ژوورەکەدا! دەی بەشاردا بگەڕێ کێ دڵی نەرم بێت ، ژووربدات بە خێزانێکی ٦ منداڵی ، بێ پارە و بی سەرپەرشت!.

لەگەڕەکی شارەوانی ژوورێک خواناردی ، لای مەکتەبی ئەنفالەکە ، دەیانووت ڕژێم خەڵکانی لەناویدا کوشتووەو ، لە حەوشەکەشیدا ناشتوونی.

ڕژێم پاش ساڵێک لە جەزرەبە دانی ، ئەو هەڵەبجەییانەش کە زینوو دەرچووبوونو و لە ئێرانەوە بۆ لای خۆی هاتبوونەوە ، جا لێبووردنێکی بۆ دەرکردن. یانی قوتابیانی ئەو شارە ، خوێندنی ساڵی ١٩٨٨/١٩٨٧ کە ٢ مانگی مابووساڵ تەواو بێت؟ فەوتا. خەڵکی

شاریش لە گردەچاڵ بەرەولای پارێزگای سلێمانی گەڕانەوەو پەرت بوونەوە. ئەوەی لە ل ٦٥٩ نووسراوە ، دەربارەی گازبارانی هەڵەبجە و گردەچاڵ ، لە ٣ برای خۆمم بیستووە و کەلەو گێژاوەدا بوون. من ، هادی ، وەک لە پێشەوە باسم کردووە ، لە ئاڵمان دەژیام و لە ١٩٨٢ ەوە ، ئێراقم بەجێهێشتبوو.

**گەشتێک بۆ لوکسمبوورگ. بۆن ، ١٩٨٩ :**

یەکێک لە دیاردە دیار و راستەکانی کوردستان ، ئاو و هەوایە. هەر وەرزەی بە مانای وشە پێناسەی وەختی خۆی دەکات. هاوین هات؟ بە ڕاستی هاوینە ، پاڵتاوی لێ فڕێدە ، لە دەرەوە لێی بخەوە. سەمەرە ئەم سەرو و ناوەراستی ئەوروپایەیە ، هاوینێک بەسەریەکەوە بێت ، هەر چەند ڕۆژێکە ، دیسان تێک دەچێتەوە ، کۆپانەکەی دەجاڵە. ناهەقیان نییە هەر وەختەکەی لە ساڵژمێدا هات ، نەک خۆی بە ڕاستی هاتبێت. بە هەزاران لە خەڵکی ئەم وڵاتانە بەرەو خوار ، بۆلای وڵاتانی خوا پێداو= خۆرەتاودار، دەکشێن. ئێمەی پەنابەریش بێشک زیاتر تامەزرۆی گەرماو خۆرین. چوونکی لە ماڵی خۆمان هەمانبوو. کابرای شارەزووری جوانی وتووە: بوومان بوومان حساو نییە ، هەسمان هەسمان حسێوە.

بەڵێ لە پاش چوار ساڵ کارکردنی سەخت و پیس و دەس پێوەگرتن... لە هاوینێک دا توانیمان وەک خەڵکی ئێرە ، ئێمەش سەیرانێک بکەین ، بۆ دوور ، نا ، پاڵی ئەڵمانیا، بۆ لوکسمبوورگ.

ئامادەبووین بە ماشین کەوتینە ڕێ. پاش سێ کاژێرێک کە هێشتا ئاڵمانمان بەجێ نەهێشتبوو ، لامان دایە پارکێک پشوویەک بدەین. هەرلای قەمەرەکەوە جێمان لێ ڕاخست. دوو منداڵەکەمان بۆی دەرچوون ، کەوتنە هەوای خۆیان:

( کەوی قەفەز، کە گرتە خاک
لە تەپوتۆز، نییەتی باک
سەر و باڵیشی ، تێ دەنێت
تا نووکی ، دەنووک دەکەنێت
منداڵان ، هەر کە دابەستن
لە دیلی دەرچوون ، سەربەستن
کەوتنە قریوە و بازبازێن
چاوشارکێو ، ڕاوڕاوێن
کەوتنە چینەی ، هەوای خۆیان
خۆزگەم بە زەوقی ، ئێستایان
بێخەم لە قۆرتی ، ژینی هەندەران
دەبێت داهاتو ؟ چی بێتە ڕێیان؟
پیرەژنانی ، ناو کوردەواری
حەکیمی هۆزن ، بۆ دەردەداری
پەیبەری دانای ، دەردی زەمانەن
قاڵبووی دانشگای ، ئەو کوردستانەن
دەڵێن فریشتەی ، هەیە منداڵان
دەیانپارێزن ، لە کەوتن و سوتان
وەرن لە گەڵم ، وتی یەکێکیان
سەرئاوم هەیە ، دەچمە دارستان
ئێمەش هەستاینو ، لە تەکیدا چووین
هەر بەسەدمەترێک،لە جێمان دوور بووین
لەپڕ قەمەرەیەک ، باو وبۆرانی
هیلاکی ڕێگا ، بۆ پارکی هانی
خۆی پێ نەگیرا ، قەمەرەی هاڕین
تەمەنی نەبوو ، هێشتا یەک هاوین
سوپاس هۆ خوایە ، بە دوورت کردین
منالان ؟ ئێوەش ، بۆ دوورتان بردین
بۆ دووری بردین ، فریشتەی منداڵ
ئافەرین قاڕی ، کوێستانان خاڵخاڵ

قەمەرەیان برد،لە شارێ دانرا ژنێکی سەر و ، زمان لووس هێنرا
وتی بە پێی ، ڕاپۆرتی ڕێگا قەمەرەت کەڵکی ، لێخوڕینی نەما
تا نامەی بیمە ، بەناو دەس بگات دوو سێ هەفتەیەک ، وەختتان دەبات
کامە دەخوازی؟ لەو قەمەرانە دوو هەفتە مفتە ، لەبەر دەستانە
جا پەڕەیەکی ، پێ ئیمزاکردم نامەی ماشینم ، بۆ زەمان بردم ١
لای پارێزەریش ، هەرچەندم کۆشا قەمەرە بۆ هۆڵەند ، برا و فرۆشرا!
پارەیە مەزنە ، کراوم بۆ هات گەرئەو بمایە؟زۆرتر بوو ، بەرات
پارچەی دەگۆڕن،قەمەرەی لێدراو بە نرخی تازە ، ساف و لوس کراو
دەیفرۆشن بە ، ئەفریقا و کەنداو کڕیار بێخەبەر ، لە فریو و داو
کاری یەکەم جار، نییە وا فێرن ئەمانە وەستای ، هوونەریی فێڵن
ئەمە ڕەوشتە ، لە ڕۆشنبیر دا؟ خۆزگە بە وڵاتی ، نەزان و گەدا).

**بە ناو ئەڵمانیای مزیردا** . بۆن ، ۱۹۸۹ ز. ۲

( وڵاتێکی هەمیشەبەهار ، خاوەنی زەوییەکی لەبار، زۆردەشتی کەم کۆسار ، پرجوێبار و شێدار ، ئاودانی ناوێت کشتیار ، بێخەمی بارانە جوتیار. دارستان باوەشی گرتۆتۆ بۆ شار ، خۆڕست خەڵک ڕست ، بێبەر و بەردار ، هەوای دووکەڵیی پاکژکەر بۆ زار. سەوزایی و ئاوە ، بڕیاری داوە ، لە هەرکوێدا بن؟ نەخشی هێناوە ، لێرە هەر تاجی لەسەر سەر ناوە ( ڕاین و دۆناو ، ڤێسەر و ئێلبە ، نیکار و مۆسول ماین و ئۆدە...) ۳ ڕێک و پێکی جادەکان ، بە سەدان شارێی توولانی ، بۆ ئاوایی و شارەکانی ، چەندجۆری هاتوچۆکانی ، بە کورتی هەرکوێت بوێ؟ دەتوانی ڕیش بنێیتە بانی. بازاڕ هەمیشە ئاخنراو ، میوە چوار وەرزە بینراو ، ڕیزی بۆ ناگرێت پیاو ، هەرچیت بوێت دەست دەکەوێت ، قوربان و واسیتەی ناوێت . ئافەرین ڕژێم چەندە گەل دۆستی؟ بەختیاری گەلە یەکەم مەبەستی ، هی ئێمەش هێشتا بەرهەمی دەستی ، لەم پێشکەوتنە خاڵییە هەستی. بەسەیرکردنی مێژوویان ،۳۱ ساڵ دوو جەنگ هەڵگیرسان! وێرانبوونی شار و کارگەکان ، قووتدانی لەتێکی ئاڵمان ، دەستی بێگانە لەبیین نان ، پاش دوو جەنگی قەڵاچۆکەر ، ئابوری ڕۆڵی وای گرتۆتەبەر، سەرسوڕهێنەرە لای بەشەر، پێشڕەوی ئەورووپا یەکسەر!. کارخانەی زۆری سەنگینی ، هەر کە دیت مەید ئین جێرمەنی؟ دڵنیای لە چاکی ڕەسەنی ، ئابورییەکی پێشبڕکێکەر ، جێگای چەقی ئەورووپا بەر. گەلێکی زیرەک و دەستپاک ، مەبەستیانە بەرهەمی چاک ، قایمکار خاوەن زێڕ و مارک ، شانازی کەرن بە نەتەوە و خاک. لە زیندەگیدا بێخەمن بێباک. پاک و تەمیزی ناوشار.

---

١ – ئیمزاکردن: یەکیکی تر بوو لەو تەڵانەی ، بۆ یەکێکی بێگانە یا نەشارەزا یا تازە هاتوو، دەنرایەوە. دوایی هیچ دادی نەدەدای دەیانوت خۆت ئیمزات کردووە. کۆمپانیای بیمە ، نرخی قەمەرەکە لەو ڕۆژەداچەند گەییوە؟ نەک چەند دەهێنێت؟ دەداتەوە.

٢– ناوی سەر باسەکەی سەرەوەم لەسەر شێوەی کتێبەکەی کارڵ مای ناومناوە. ( بەناو کوردستانی جەنگەڵاوی دا ) ، یا کێوی دا ، یا وەحشیش دا ، بۆ زانیاری دەربارەی ئەو نووسەرە ئەڵمانییە ، ل ٤٤. ٣ –ئەو ٨ وشانەی نێوان جووتە کەوانیەکان ، ڕووبارن لەم وڵاتەدا.

لەناو ولاتانا دیار ، یاسای سۆسیال بۆ هەژار ، سۆسیالیست لێرە گرتویە قەرار. نەک وەک لای ئێمە بە فیشاڵ ، سواق بدرێت دیواری بەرماڵ. خاوەنی دەستی یارمەتی دانن ، کۆمەک و هانای پەنابەرانن ، گوێدەر بە ناسۆری گەلانن ، دەی کام سۆسیالیست وەکو ئەمانن؟!.

گەل ڕاپەڕی ، ڕژێم سەڕی — دیوار ڕووخا ، وەخت بوو بەرخا
ڕژێمێکی ، چل ساڵی — شاڵاوی گەل ، گشتی ماڵی
هەر پیرۆزتان بێت،شۆڕشی سپی — هێمان بۆ گەلی ، تری سەرزەوی.

**شۆڕشی سپی ئاڵمان . بۆن ، ٩ / ١١ / ١٩٨٩ز.** ١

ئەگەر گەلێک بۆ ئازادی — ویستی ڕیزی خۆی ڕێکخا؟
ئەگەر گەلێک بۆ ئازادی — بیر پێگەشت و مەچەک چەرخا؟
ئەگەر گەلێک بۆ ئازادی — هەل و بواری، بۆ ڕەخسا؟
ئەگەر گەلێک بۆ ئازادی — ئامادە بوو، بۆ ئازادی، سەری دەرخا؟
ئەگەر گەلێک بۆ ئازادی — ویستی شۆڕشێک، بەرپا کا؟
دەبێت چاو لە شۆڕشی — سپی گەلی، ئەڵمانیا کا ).

**لە ڕۆژژمێری تەکسییەکەمەوە. بۆن١٩٨٩:**

هەر بێگانەیەک لەم هەندەرانە ، کارێکی سپی یا یاسایی کردبێت ، وە بۆ ماوەیەک لە ژێر دەستی خاوەن کارەکەیدا. ڕادەی ڕێزی دەزانێت چۆن بووە؟ بەڵێ چەوسانەوە وای لێکردم کە کارێکی ئازاد دەبێت پەیدابکەم. تا لەو حاڵەتە خەمۆکیە ، خۆ ڕزگارکەم. لاتێکی وەک منیش خۆ بوغازەم بۆ دانانرێت. کەوتمە خوێندنی نەخشەی شار، بۆ دانی تاقیکردنەوە بۆ بوون بە خاوەنی تەکسی ، واتە تەکسی ئونتەرنێمە. دەرچووم و تەکسیە کۆنەیەکم کڕی و ئازادبووم. ئۆخەی ، ماڵی خۆم؟ بتخۆم؟ یا نەتخۆم؟ .

لێرەوە چەند باسێک کەلەم سەردەمی شۆفێریەمدا ڕوویداوە ، بە پێی ساڵەکەیان دەیگێڕمەوە. بەڵێ ٦ ساڵێک ئەم کارەم کرد لە هەردوو پایتەختی، کۆن و نوێ دا، بۆن و بەرلین. بەسەدان نەفەری ، زیرەک و تەمەڵ ، بەرز نزم ، بە ئاوەز و گێل ، جوان و ئیسک قورس ، هێمن و سازندە ، باش و خراپ ، سەرخۆش و بە ئاگام ، گواستۆتەوە. بەسەیری ڕەنگی چاو قژی ڕەشم کە سەروفەساڵی بێگانانە. هۆ بوو ، بۆ خێرا ناسینم ، کە خەڵکی ئەم وڵاتە نیم. لەو کاتی گواستنەوەی نەفەرانەدا، باسیان دەهێنایە ناو، زەحمەتە ڕۆژێک ڕۆشتبێتو ئەم پرسیارە گشتییانەیان لێم نەکردبێت: پ/١ : خەڵکی

---

١ – ئەو بەرواره ڕۆژی ڕوخانی دیواری بەرلینە ، یا نەمانی سنوری نێوان دوو ئاڵمان ، ڕۆژهەڵاتی کە خۆی ناونابو کۆماری ئاڵمانیای دیموکرات ، وە ڕۆژئاوا ، یا فیدراڵ.

دیواری بەرلین: لەلایەن ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە، لە سەرەتای شەستەکاندا ، بە دریژی ١٥٥کم. دروستکراوە ، بە سنوری نێوان ئەو دوو ولاتەدا ، بە قاشکردنی هەردوو بەرلینی پایتەختەوە. وە هەروەها ، بە دەوری شاری بەرلینی ڕۆژئاوادا. تا ڕێ لە خەڵکی ڕۆژهەلات بگرێت ، لەڕاکردن بۆ ڕۆژئاواکە... کەچی بە پێچەوانەوە یەک کەس ڕاینەکردووە!.

کوێیت؟ هەر ئەم پرسیارە واش دەیانپرسی: لە کوێوە هاتوویت ؟م الّی خۆتان لەکوێیە؟ پ/٢: لە کەیەوە لێرەیت ؟ پ/٣: لێرە دەخوێنی؟ ١ پ/ ٤ : لەوەتی لێرەی ڕۆشتویتەوە؟ ٢ پ/٥: ئێرەت لاخۆشە؟.

تەقاندنەوەی شاری هەڵەبجە. ١٩٩٠ز.

پاش بۆردومانی کیمیاوی ،شاری هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە ، نیوەی خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون ، بەشێکیشی بەرەو ناوەوەی ئێراق ، ڕۆشتن.ڕژێمیش شارێکی تری ، بە ناوی هەڵەبجەی تازەی بۆ ئەوانەی بەرەولای خۆی ڕایانکردبوو ، لە پاڵ زەڕایەن دا ، بۆ دروستکردن ، هانی ئەو خەڵکانەش دەدرا بڕۆن لە هەڵەبجەی بۆردوومانکراو ، دەرگاو پەنجەرەکانیان دەربێنن و بیهێنن بۆ تازەکە ، بەمجۆرە زۆری وێرانکرا، ئەوەی لەوانەو ، لە بۆردووومانی کیمیاویدا زیانیان نەهێنابوو؟ لە ١/ ١٩٩١داله وەختی پەلاماری کوەیتدا، تەقاندییەوە.

**ڕاستڕەوێک. بۆن ، ١٩٩٠** : ٣

لاوێکی دەوری ٣٠ ساڵە لەسەر شەقامێک دەستی بەرزکردەوە و وەستامو سواربوو. پاش پرسیارە گشتییەکان ، وتی: ئەوەنە ساڵە لێرەی ، سەرشکانێک ، شەڕێک ،... لەلایەن ڕاستڕەوانەوە تووشت نەبووە؟ وتم نەگەشتووەتە ئەوە. بەڵام دەمەقاڵەم لە گەڵیاندا بووە. وتی چۆن؟ وتم پاش ئەو پرسیارە گشتیانە ، کە هەرکەس بیپرسیایە ، ئەوانەی تێدابوو. باسی تری جۆراوجۆر دەهاتەناو ، بە تایبەت گەر نەفەرەکە دوورتر بڕۆشتایە، وەکوو:

خێزانێک لە ئێوە١٥ ساڵ لە تەلارێکی ١٥ قاتیشدا ، دراوسێمان بوون ، دووری دەرگای دەرەوەمان ، لێیان ٢ مەتر بوو. وە ڕێک بەرانبەری یەک بووین. زۆرجار بەهۆی چوونەدەرەوەی هەردوولامان ، یەکمان دەبینی ، ڕۆژباشیشمان لە ژنەکەیان بکردایە؟ وەڵامی نەدەدایەوە! ڕووی خۆی گرژدەکرد و دەڕۆیی. بەڵام پیاوەکەی و سەگەکەیان باش بوون. وتی: ئێمە ٤ ملیۆن بێکارمان هەیە ، بوونی ٦ ملیۆن بێگانە لێرە ، هۆیە بۆ ئەوە. ڕەنگە ڕقی ئەو ژنەش ئەوە جوڵاندبێتی.. وتم: ئەگەر بێگانە کارنەکات؟ پێمان

---

١ – نەفەرەکان حەزیاندەکرد وەڵامەکەم *بەڵێ، بێت*. واتە وڵاتەکەم منی ناردبێت بۆ ئێرە بۆ خوێندن. یانی ئەم سەر ڕەشە لێرە پەنابەر نییە، لەسەر سکی ئەوان بژیم. وە ڕێی یەکێکم گرتبێت.بەڵام وەڵامی من نەخێربوو، لە سەروفەساڵیاندا پێخۆشنەبوونم دەخوێندەوە.

٢ – بە وەڵامی بەڵێم دا ، دەیانزانی پەنابەر نیم ، چونکی پەنابەر زاتی ئەوەی نییە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو ڕژێمەی لێی ڕایکردووە. بە نەخێریشدا دەیانزانی پەنابەرم ئەمیش پێیان ناخۆش بوو. بۆیە وەڵامی نەخێریان پێخۆش بوو ، دەیانووت دەگەڕێتەوە ، بێگانەیەک کەمتر، چاکتر.

٣ – ڕاستڕەو: لای من وشەیەکی نوێی ، کەمتر زەقی ، کەمتر ناجسنانەیە... بۆ جێی وشەی نازی هێنراوە. تا ئەوانە زۆرتر شەرمەزار نەبنو هەوڵ بدرێت ، کاڵ بکرێتەوە. لە ناوچەوانیاندا دەمخوێندەوە ، پێیان ناخۆشە . بەڵام زیرەکیان تەریقی نەدەکردمەوە.

دەڵێن مشەخۆر ، گەلحۆ ، لەسەر سکی ئێمە ژیاو. کە ئیشش بکەین وەک ئیستای من، دەڵێن جێگاکەی ئێمەتان گرتووە! ئەو کارانەی ئێمەی بێگانە دەیانکەین؟ ئەوانەن ئێوە بێزتان نایەت بیکەن ، لەبەر قورسی ، پیسی ، مووچەکەمی ، مەترسی تەندروستی... خۆزگە هەرچی بێگانە هەیە، دەردەکران، جا بزانن ئەو کارانە بەو نرخە، کێ دەیانکات؟ قسەکانمی بە دڵ نەبوو، وتی بۆکسێک بدەم بە چاویلکەکەتا، بیشکێنمە چاوت،چیدەکەیت؟ وتم : ئەو درەختە زەبەلاحانەی لای دەستی ڕاستەوەن لاکەی تۆن، تەکسیەکە دەکێشم پیایانا، گەر نەشمریت؟ ئەوە گێڕو گۆج دەبیت. دەبێت بە عەرەبانە بڕۆی بەرێدا...
من کوردم سەدان ساڵە، لەلایەن چەند ڕژێمی دڕندەوە، تەفروتونامان دەکەن، بەڵام لە تێکۆشان نەخراوین، ڕێ نادەم بمچەوسێنیتەوە. وتی بوەستە دادەبەزم. پارەکەی داو دەرگاکەی بە قایم پێوەدا، چەند بۆڵەی لێوەهات و ڕۆی.

**گەشتێک لە ئاڵمانەوە ، بۆ ئۆردوگای سەریاسی ئێران. بۆن، ١٩٩٠**

لە هاوینی ئەو ساڵەدا ، پاش ٨ ساڵ دابڕان ، لە کوردستان ، باوان ، خزمان. خواو ڕاسان لە ئاڵمانەوە ، لە باڵوێزخانەی ئێران ڤیزەیان داینێ گەشتە خەیاڵاویەکەمان ، بووە ڕاستی ، توانیمان سەردانێکی ، ئەو خزمە ئاوارانەمان بکەین ، کە لە گازبارانەکەی٣/١٦ / ١٩٨٨ز. هەڵەبجەوە ، ئەم ئوردوگای سەریاسەی ، نزیک شاری پاوە ، ستانی کرماشان ،کرابووە جێیان. لەوێ زیاد لە ٧٠٠ خانوو و چادرمان بینی، هەمووی خەڵکی هەڵەبجەو شارەزوور و هەورامان بوون. پاسگەیەکی پاسداران لەلای جادەکەوە ، پاسەوانی ئەوێی دەکرد. شاخی شاهۆ بەلای سەریەوە و ڕۆژهەڵاتی گرتبوو. کانیەکی ئاو زۆر لە بنیەوە دەردەچوو. نزیکی٣،٥ هەفتە ماینەوە. باسی پیاوێکیان بۆ کردم ، کە لەو شاخەی بەرانبەر ئێرە ، خەریکی هەڵکۆڵینە. هەر بەپێ لەویوە نزیک بوو ، چوم سەردانێکم کرد. دوو سەعاتێک لەگەڵی دانیشتم. ئەوەی لەم باسی دوای ئێرە دەیخوێنیتەوە ، بەرهەمی ئەو سەردانەیە.

**لالە حسەینی ئیمامیی ١ دووەم فەرهادی کورد. سەریاس ، ٧ /١٩٩٠ :**

١ - فەرهادی یەکەم سەنگتاشێکی کوردی لووڕ بووە. لەبەرئەوەی کارەکەی ئەمیش هەروابوو، ناوم نا: دووەم فەرهادی کورد. من ئەمەم لەدەمی خۆی بیستوە:
"خەڵکی دێی لاوەرانم ، لە دووەم ساڵی شەڕی ئێراق و ئێراندا ، دێکەمان ناچاربوو چۆڵی کات، بەرەو ئێران چوین. لەوێ جێیان نەکردمەوە ، پاچێکی بیرهەڵکەندنم پەیداکرد چوومە گیانی شاخی مەیگۆڕێ." بەڵام ، گۆڕییان ، پاش دەرکەوتنی کارە گرنگەکەی ، لالەحسەین کۆماری ئیسلامی ئێران ، قۆستییەوە ، نازناوێکی عوسمانی ، پێوەلکان و کردیە ئێرانی ! دەیان زیارەتکەر دێن. بۆ بینینی کارە سەرنج ڕاکێشەکەی. دێی لاوەران سەر بە قەزای هەڵەبجە بوو، تەواوبوونی بەنداوەکە و پەیدابوونی دەریاچەکە ، ئەوێی زیاتر پچڕان لێی. دێی لاوەرانم دیوە ، لە نێوان لقی ڕوباری سیروان و زمکان دایە. کە لە گەڵ لێڵە ، خوشکە ڕوباری سیروانن ، لای جوانڕۆوە

( لە قوڵنگکاریدا: فەرهادێکی زەمان. لە زرنگی و نەبەزیندا: شۆڕشی کوردان. لە لێهاتوویی مەچەک و بازودا: هەرچەند لە پەنجاکاندایە ، ڕۆستەمێکی دەوران. بەلەمی دەریاچەی دەربەنیخان. ماسیەکی ئەمبەر و ئەوبەرکەری سیروان. ڕۆڵەی گوێچەمی لای لێڵە و زمکان. بە قوڵنگێک کول نەبووە و تیژنەکراوە ، حەوت ساڵ لە مەیگۆڕێ دا تاشی چنیوە ، سەنگی دەرداوە. گەرما ، سەرما ، خەم ، تلی پێ داوە ، بە یەک قاچەوە کاری کردووە! کچێکی لابووە مێردی کردووە ، بارەگای باوکی بەجێهێشتوە ، مەینەتی بەبار جێگەی گرتوە. بێ ژن بێ کەس لەو تاشانەی مەیگۆڕێ دا ، چڵکن کوڵکن دوور لە ئاوەدانی و دێ دا.

بە گوللەی وێڵی شەڕی خۆخۆری ، قاچی پێکراوە. هەر ئەوەش قاچی بە بڕین داوە. دارشەقێکی ژێر هەنگل ناوە. یەک دەستە خانوی چەند ژوور ، لە جەرگی بەردی شاخ هەڵکەنراوە. ئاودەس گەرماو پەنجەرە کونکراوە ، جێی لوولەسۆبە و سابون ، لەناو دیواردا چنراوە. لە دیوەخاندا گۆڕەکەی ، ئامادەیە بەقەدەر خۆی. هەر وەک تاقی ناودیوار ، لای قیبلەوە گرتویە قەرار. بلیمەتێکە ئەندازیار! ئەیەوێت بۆ ماڵی کۆتایی، هەر دوورە دەست بە تەنیایی ، تا نەفخی سوور ئاوارەیی ، بۆ هونەرە پڕباییەکەی ، بۆهەمیشە لایەوە بێت ، تابڕێت ئاواتەکەی). وتم بۆچی ئەم کارەت کرد؟ پوختەی وەڵامەکەی لەم دوو هۆنراوەم دا چڕمکردووەتەوە:

لە ل.٤٦ بە سۆرانی و لە ل ٢٤٣ بە هەورامی ، نووسراون.

## گەشتێک بە ئۆتۆمبێل لە بۆنی ئاڵمانەوە بۆ هەڵەبجە. ٧ / ١٩٩٢ :

پشووی قوتابخانە دەستیپێکرد ، دوو منداڵەکەمان هەر باسی خەڵکی ئێرەیان دەکرد، چۆن لەم پشووەدا گەشتوگێڵ دەکەن... من و خێزانیشم لە ١٩٨٢ ەوە کوردستانمان نەدیوەو ، با منالانیش خەڵک و خزم و وڵاتی خۆیشیان ببینن و بناسن. دیکتاتۆرە نایابەکەمانیان لە کوردستان ، دوورخستووەتەوەو سەردەمی دوو حوکمەتۆکەی کوردیشە... ڤیزەی ئەو وڵاتانەی پێیدا تێدەپەڕین ،ب ێجگە نەمسا( هەنگاریا، یوگۆسلاڤیا ، ڕۆمانیا ، بولگاریا ، تورکیا) بە پارەوە ، وەرگیران. ماشینێکی ئۆپڵکادێتی سەرڕێک ، کۆمبی ، پێنج ساڵ کۆنمان کڕی ، سنووقەکەی بۆ پشووی شەو ، بۆ منداڵان جێمان تیا ڕادەخست. ،بۆ پاڵکەوتنی منداڵان ژوورەکەی خۆیان بە بچووکی هەر هەبوو. خۆشمان لەسەر دوو ڕیزە کورسیەکە درێژ دەبووین. لە شەودا مەترسی کەلوپەل دزین هەبوو، کەلەسەر ماشینەکە بەسرابووەوە، لە تەلەفزیۆنیشەوە ئەوەمان بیستبوو. بۆیە

---

دێن. لای لاوەراندا دەڕژێنە دەریاچەی دەربەندیخانەوە. شوێنێکی جوگرافی دەڵتایی جوانی هەیە ، لە سنوری ئێرانەوە نزیکە ، شاخی بێزەل ، ئەوەتا بەلای ڕۆژئاوایەوە.

مەیگۆڕێ:

هاوینەهەوارێکە لە خواروی ڕۆژئاوای شاری پاوەدایە. بەرانبەر شاخی شاهۆ و سەریاسە. لێرەوە بە پێ ٢٠ دەقە دەبێت. لەو شاخە ژورەکانی هەڵکۆڵیوە * کورتەیەکی ئەم باسەم لە ڕۆژنامەی سەکۆ ژ.٢٣ لە ٩/٢٣/ ١٩٩٨ز. لە بەرلین بڵاوکراوەتەوە.

دەبوایە شەو لەناویدا بمانایەنەوە. لەولاشەوە پارەی ئوتێل دەگەڕایەوە و دەماندا بە بەنزین. شەوی یەکەم لە خواروی هەنگاریاداو نزیک سنووری یوگۆسلاڤیا، شەومان بەسەردا هات ، منداڵان خپ لێی خەوتن ، درەنگانێک خەڵک بەلاماندا دەهاتن ، کە دەیانبینی لەناویدا خاوەنی نووستووە ، دەڕۆیشتن. لە بەیانی دەمژمێر ٧ – ١٠ ی شەو ، بە پشوویەکی هەر دوو سەعات ، نیو سەعاتەوە ، لەبەر منداڵان ، من شۆفێر بووم ، شەو و ڕۆژ بەو پلانە تێماندەپەڕاند.
لە یوگۆسلاڤیا پۆلیسی سەر شارا ، بیانویان دەگرت ، بۆ سەندنی پارە لێمان.
بۆ نموونە: لەبەر نەبوونی لەزگەی پیتی دی ، گەورە کە نیشانەیە بۆ ناوی ئەڵمانیا، بە قەمەرەکەوە ، هەرچەند نامەی قەمەرەی ئەم ولاتەمان زۆر ڕێکوپێک بوو ، وە پێمان بوو ، سیی مارکێک کە سەرانە بوو ، لێیان سەندین.
لەناو ڕۆمانیا لەهەموویان زیاتر ، لەم ساڵەدا مەترسی ڕووتکردنەوە هەبوو ، باشبوو، پیاڕۆشتن پێی دا، زۆر نەبوو ، لەناو بولگاریادا پۆلیسی ئەوێش بەناوی تیژڕۆشتنەوە، ١٠ مارکێکیان لێ سەندین ، جادەکە هەمووی شاڕێ نەبوو ، ناو شارو دێیشی تێدەکەوت. لەسەر شەقامەکان پەنیر لە شێوەی تایەدا دانرابوون بۆ فرۆشتن. لێشمان کڕین. ئێرەشمان پشتی سەرنا ، لە نزیک ئیستەنبول دا ، شەو سەری لێداینەوە.
ولاتی تورکیا شێوە لاکێشەیە ، پیایدا بە ڕێگەی زەوینی ، لە سەروی ڕۆژاوایەوە بۆ خواروی ڕۆژهەلاتی ، یا لە سووچ بۆ سووچ دەبێت ببڕیت. زۆرە. بۆیە لەناویدا لە ٣ شەوی ڕێگا ، دووانیان تورکیا بردی. شەوی سێیەم لە پاڵ نوسەیبین دابوو. بە داخەوە لەم ولاتە ئیسلامییەدا ، چەندجار ڕاگیراین ، بە ئاشکرا پۆلیسەکان داوای پارەیان دەکرد ، جارێک ١٠٠ مارک ، وە ١٠ و پێنجیش هەبوو. لەبەشە کوردستانەکەی دا، جاش هەربە هەوەس عەزیەتی دەدان ، بۆ نموونە لە شوێنێک ڕادەگیراین ، پشکنین ، پرسیار ، لە دوای ٢ کم. کە ئێمەشیان دەدی ، وا ڕاگیرکراوین و لێپێچینەوەمان لەگەڵ کراوە، دیسانەوە وایان پێدەکردینەوە! قسەی برا پاکستانیەکەم بیرکەوتەوە ، با بۆتانی بگێڕمەوە:
پێش ئەم گەشتە ، لە شاری بۆن ، لە ڕۆژنامەدا لە بەفرخەرەوەیەک دەگەڕام بۆ کڕین، یەکێکم دۆزیەوە ڕۆشتم بۆ ماڵیان، خەڵکی پاکستان دەرچوو ، کەسێکی سەرو ٥٠ ساڵی نەجیب بوو. باسی گەشتی ولاتان هاتە ناوەوە ، وتم یەکەم جارمەو بە قەمەرەش لەگەڵ ٢ منداڵدا..وتی: ( چەندجار بە قەمەرە لێرەوە ڕۆشتومەتەوە بۆ پاکستان، چەند زۆرە؟ لەوەی تۆش زیاترە ، ئێرانیشی دێتەسەر ، لە هیچ کوێ هیچم بۆ پێش نەهاتووە، لە تورکیادا نەبێت ، هەموو جارەکان کێشەم بۆ نراوەتەوە! ).
گەشتینە ئیبراهیم خەلیل ، ناو سنووری کوردستانی خۆمان. گەلێک دڵمان خۆشبوو، بۆ یەکەمین جار ، دام و دەزگای خۆمانمان بینی. ئافەرینیان لێبێت بۆ ئەو نەزاکەت و بەخێرهێنانەوە.
باشبوو برایەکم هاتبووە ئێرە ، لە دوای دهۆک ، جادەکە ڕۆشن نەبوو ، هیچی نووسراوم نەدەبینی ، براکەم نەبووایە ؟ بەرەو ڕژێمیش بچووینایە نەماندەزانی ، کەلە چەند کیلۆمەتری ئێرەدا بوون. لە هەولێر چەند ڕۆژ ماینەوە ، ئەگەر بەراوردی ئەوکاتەی ئەم

شاره لەگەڵ ئێستە کە ئەم لاپەڕەیە دەنووسم ، ۲۰۱۳، بکەین؟ گۆڕینێکی بە گووژمی ئاوەدانی دەبینیت. جێگە دەستی حکومەتی هەرێم بووە.

**لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی** :

دوو پارتییە کوردیەکەی کوردستانی ئێراق یەکێتی و پارتی ، لەسەر کەلاکی کوردستان، بە خوێنی ڕۆڵەی کورد، هەریەکەیان پاوەنی خۆی داگیرکردبوو. بۆیە لە پێش کۆیەوە دەبووە هی یەکێتی.

**کێشەی بازگەکەی کۆیە.**

باوانی هەر خێزانێکی کوردی ئاوارەی هەندەران ، حەزی دەکردو حەز یش دەکات نەوەی گەورەبووی هەندەرانی ، چیرۆکی باوان و نەتەوەی ، وەک ئەوان دەیانەوێت ،بە منداڵەکانیان ، نەک هەر بڵێن ، دەرخیشی کەن.

ئەمە من دەمویست بەم گەشتەمان ، ئەو کوردستانەی ، بە بەهەشت پێناسم کردووە لایان ، لا خۆشەویستر بکەم ، ئۆخەی ئەمە ئەو ڕۆژەیە کەمن ۱۰ ساڵە گۆرانی پیادەڵێم. لەم گەشتەماندا کوردستانەکەم لای منداڵەکانیشم خۆشەویست دەبێت. با دوای مردنی من ، بیری کورد و کوردستانیان ببێت.

دوای عەسر بوو ، باوباران بوو ، هەر پاسپۆرتەکانیان دین ، وتیان بچنە لاوە بووەستن، بڕۆن بۆ لای ئەفسەر فلان ، لەو ژوورەی بەرانبەرمان. لەسەر هەر یەکێکمان یەک پەڕەی عەریزەی پڕکردەوە، بە پرسیارکردن. لە کەیەوە من کوردستانم بەجێهێشتووە ۱۹۸۲ بۆچی؟ لەبەرچی؟ تا بازگەکەی ، لێپرسیم. زیاد لە ٤٠ دەقە هەر بە لاپەڕەی من چوو ، دەشترسام ئەمە بۆ دەزگای سیخوڕی ڕژێم بێت ، یا لە کۆتاییدا ، بۆ ئەوێ بڕوات. ئەم پرسیارکردن بەم وردییە ، لەهی دەزگاکەی ، سەدامی دەکرد. ئەو پرسیارانە سوودی بۆ کورد چییە؟ کە من ۱۰ ساڵە لێرە پچڕاوم ؟! وە لەسەداسەد ڕژێمم خۆش ناوێت.

بووە شەو ، سەعاتو چارەکێ گیریان داین! کچەکەم بە هێواشی بە ئەڵمانی بە ئێمەی وت: هەر ئەوە ماوە بپرسێت: گۆڕەویەکانتان ڕەنگی چۆنە؟ ئەمەچییە؟ ئەمەی بۆچییە؟ ئەفسەرە وتی: ئەوە چی ووت؟ بە کوردی؟ بە داخەوە بە داخەوە ، دەبێت کەسی سەر بازگە ، زۆر ڕۆشنبیربێت ، یا خۆی وا پیشانبدات کە ڕۆشنبیرە ، هیچ نەبێت لەگەڵ ئەوانەی هی دەرەوەی وڵاتەکەت ، یا ناوچەکەتن. نەخوازەڵا کوردێکی ، ئاوارەی، خەڵکی هەڵەبجەش ، هەرچی لەو ۱۰ ساڵەدا بۆ دوو منداڵەکەم ڕێسابووم ، لەسەر نەژاد و شار و خۆشی کوردستان ، کە ئەوان هیچیان نەدیبوو ، بە داخەوە ئەم بازگەیە ، نەک هەر شۆردیەوە ، باسەکانی منیشی بە درۆ خستەوە ! لە دڵم دا دەمووت خۆزگە منداڵانم نەدەهێنانەوە.

گەشتینەوە هەڵەبجە ، ماڵێکی سووتاو و ڕووخاو ، تۆپی ئێران دار گوێزەکامانی بڕیبووەوە ، چادرێکی چڵکنی تۆزینی چەور ، درابوو بەسەر پاشماوەی ئەو دیوارەدا کە مابوو ، ۷ منداڵی بێ باوک ، لەوێدا دەژیان! ئێمە نەمانتوانی لە ٥ ڕۆژ زیاتر لەوێدا بژین. بە یارمەتی و بە قەرزوقۆڵە خانوویەکمان لە سلێمانی بۆ کڕینو ، بردنمانن بۆ ئەوێ. لەوێدا مانەوەو تا خوێندنیان تەواوکرد. لە ۲۰۰۷ دا کە ویستمان بیفرۆشین؟

هەربەخۆیان مان فرۆشتەوە. پێش کۆتایی پشووەکەمان بە ٣ڕۆژ کەوتینەوە ڕێ،بەرەو ئاڵمان.

**سەرخۆشیی. بۆن ، ١٩٩٣ :**
کە سەیری دەمەتەقێی بەشی زۆری خەڵکی ئێرە دەکەیت ، بەدەگمەن هەیە ئەوەی لە بیر و ناخیاندا هەبێت ، بەدەم دەریببڕن ، بە جۆرێ تر، پاسەوانێکی باشی دەمیان دەکەن ، ئەو ئاگاداری دەمە ، لەو کاتانەی کە کە بە تەکسیەکەم سەرخۆشێکم دەگواستەوە ، نەدەما. دەیاندا لە بنی مەنجەڵەکە ، دڵ و بیریان چی تیابووایە؟ دەیانخستە سەر لەپی دەستیان.
جارێک ژن و پیاوێکی بە تەمەنم گواستەوە ، پاش پرسیارە گشتییەکان ، پیاوەکە وتی: هەردووکمان خانەنشین کراوین ، بۆ ئەو ماوەی تەمەنەی ماومانە؟ دەچین بۆ ئەسپانیا. لەوێ دەژین ، هەرزانتر و سەر دەریاو خەڵکی چاکیش. لە دڵم دا وتم: دەک خاک بە دامانم ، ئێوە لەم وڵاتەی خۆشتان ڕادەکەن ، دەبێت پیری من ، بەم لاتییەشەوە ، لەو وڵاتەی لێی ڕادەکەن چۆن بێت؟ کە دابەستن پیاوەکە تەوقەیەکی لەگەڵ کردم ، دەستی بەرنەدام وتی: قسەیەکت بۆ دەکەم بیگرە گوێ. وتم فەرموو: وتی: ئێمەی ئەڵمانی هەمانەو باش دەژین ، گەر وا نەبوایە ؟ گۆشتی ئێوەی بێگانەمان بە زینوویی دەخوارد! ژنەکەشی وتی: نا نا ئێجگار واش نا.

**پەیمانگەیەک. بەرلین ،١٩٩٣:**
کیژە کوردێک کە لێرە گەورە بووبوو ، وە باوانی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو، لێرە بوون. چەند مانگێکی مابوو، خوێندنی کۆلیژەکەی دەستپێبکات. تا کاتی بە فیرۆ نەڕوات ، بنچینەیەکیش بێت بۆ دووایی. لە پەیمانگەیەکی تایبەت بە مامانی ، کە هەر لە بەرلینە ، خۆی ناونووسکرد. سەیری کرد ئەم تەنها بێگانەیە تیایان دا. پاش ماوەیەک هەستیکرد ، لێپرسراوەکە لالووتە لێی! بێ ئەوەی هیچ لەمەوە ڕوویدابێت. چەند گێچەل بە کچە دەکات. ئالمانی باش نازانی ! کیژەش دەڵێت چۆن نازانم؟ لێرە چوومەتە مەکتەب ، چۆن گەشتوومەتە ، پلەیەک ، لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیراوم؟ زمانی ئاڵمانی وەک زمانی دایکمە...
پاش ماوەیەکی تر: منداڵی بێگانە ، زۆر پابەندی باوان و کەلتوریانن ، خوێندن زەحمەتە بۆیان. جیابوونەوەیان سەرکەوتوتریان دەکات...! کچەش دەڵێت من واناکەم ، پاش بەگیرهێنانێکی تر ، واز لە خوێندنەکە دێنێت .پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵێک ، کیژە، هاوڕێیەکی لە بازاڕدەبینێتەوە، هەواڵی خوێندنەکەی لێپرسی بوو. وتبووی: دەورەی دوای تۆ کچێکی پاکستانی تێدابوو ، ئەویش ، لێپرسراوەکە وەک تۆی لێکرد، تا وازی هێنا!.

*کۆتایی سووڕی چوارەم شێری: ١٩٨٤/١/١ - ١٩٩٤/١٢/٣١ ل: ٦٥١ - ٦٧٤ .*

.......................................................................

## ٥ – بەش و سووری پێنجەم ڕێویی تا ٥٠ ساڵی ١/١/ ١٩٩٥ – ٣١/١٢/ ٢٠٠٥ز. ل ٦٧٤ – ٦٨٤.

پەنجانە ڕوواس ، ئەقڵ فامەنی                    شەسەنە وەرگەو ، دماو ڕانەنی. ل.٦٠١/٥

**سەرکردەیەکی هەڵنەکەوتوو.** بۆن ، ١٩٩٦ :

لەم وەختەدا دەنگ و باسی ڕۆژ ، بووبووە باسی ، دوو تیرە تێبەربووەکەی یا تێکبەردراوەکەی توتسی و هۆتۆ ، ی ولاتی ڕواندا . لە کیشوەری ئەفریقا. نەفەرەکەی لە تەکسیەکەمدا بوو ، ڕای وابوو: ئەو ولاتە بچووکە ، ئەوەندە خەڵک
هەڵناگرێت ، لەبەر دەرامەت کەمی ، بەشیان ناکات ، ئەوانیش بەردەبنە یەک ، تا کەم ببنەوە و بژین.[١] پاش پرسیارە زۆرکراوەکانی ناوم بردن ، زانی کوردم. ئێمەشی چووان بەوان. وتم ئێمە کێشەی زەوی و کەم دەرامەتیمان نییە. کێشەی ڕژێمانی ناشارستانی و ڕەگەزپەرستی و دیکتاتۆریمان هەیە. کوردستان کانە نەوت و ئاوە. وتی ئێوەش چەندەهاساڵە یەک دەکوژن ، سەرکردەیەکیشتان لێ هەڵنەکەوت ، بتوانێت هەموتان جەم خاتو ئازادیتان بۆ بەدی بهێنێت. وتم سەرکردە؟ ئەوە سەلاحەدین ، شێخ سەعید ، قازی مەحەممەد ، مستەفا بارزانی ، ئۆجەلان... لە کۆندا سەفەوی و عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش بەریتانیا و فەرەنسا.( دەستی خۆیان نەبووەو ماریان پێ گرتووە)! لە مێژوودا کام ولات بە شەش لەتەوە کراوە.وتوانیویەتی خۆی ئازاد بکات؟! وتی: ئێمە لەگەڵ بەشکردنەکەدا ، بەشدار نەبووین. وتم لەم سەردەمەی من و تۆشەدا، ئێوەش وەک هەندێ ولاتانی تر ، بە دەیان تەن گازی ژەهراویتان ، بە ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام فرۆشتوە ، نەک هەر کورد ، دار و گیانداری کێویشی قڕکردووە. وتی بەداخەوە، گەشتە مەقسەد و دابەزی ، داوای بەختێکی باشتری بۆ کردین.

**پیرەژنێکی سەرئاسنینە. بەرلین ، ١٩٩٧** :

لە وێستگەیەکی تەکسی وەستاندا ، ڕیزم گرتبوو ، پاش ئەوەی بوومە یەکەم،
زەنگی روفزۆیلە ٢ . لێیدا، ئەرێ وەڵا سەعاتێکە وەستاوم. یا خوا زۆربڕوا،
لەگەڵ منی بێگانەدا، ڕووخۆش بێت، زوو بگەمە لای، جێگەی ئەو بۆ چووش
بناسم... کە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت دەنگی لە پیرەژنی دەکرد. هاتمەوە سەرسفر، ئەوانە کەمدەڕۆن. کە چووم دوو جێگای چوونەژوورەوە هەبوو، یەکەم جارم بوو بچم بۆ ئەو تەلارە. خۆم کرد بە یکێکیاندا ، جادەکە بردمی بۆ ناوەوەی حەوشەیەکی گەورە ، سەیردەکەم یانەی پیرانە و پیرەژنێک وەستاوە. دابەزیم و ڕۆژباشم لێکردوو ، دەرگام بۆکردەوە ، دەم و چاوێکی ترش و تاڵم دی ، یا سفتاح و یا ڕەزاق.وتی: " دیسان سەر ڕەشێک هاتووە ؟ بۆ هەرمن داوای تەکسی بکەم ، دەبێت بێگانە دەرچێت؟ "وتم: ئاخر

---

١ – ڕواندا: ٩ مل. کەسە ، ٢٦٠٠٠کم/٢. لە ١٩٦٢ز. یەوە ئازادە. لەو شەڕەدا ٥٠٠ هەزاریان لەوەختێکی کورت دا ، لەیەک کوشتووە. ٢ – ڕوفزۆیلە: لە بەرلین دەزگایەکی تەلەفۆنی تایبەتە بە شۆفێری تەکسییەکان ، لە جێگای وەستاندنیان دا دانراون ، هەرکەس لەو گەڕەکەدا تەکسی داوابکات؟ بۆ ئەو تەلەفۆنە زەنگ لێدەدات ، تا تەکسییەک بچێت بە شوێنی دا.

ئەم کارە خێری کەم بووە ، ئاڵمانی وازی لێدێنێت ، دەیاندەنە ئێمە ، وا بڕوات هەموو دەبێت بە بیگانە. دەیان تەشەر و تانەی تری لێدام وەکوو: دەبێت بێگانە بخوێنێت ، لە خوولی فێربوون، دەورە، ( ئاوسبیڵدونگ) ، فێربێت ، جا دەبێتە شۆفێر و بەڵێندەری تەکسی؟[1].

دەبێت ئەڵمانیش بزانێت. [2] ئیتر تا گەشتە جێی خۆی هەر قسەی کردووە ، باسەرتان زۆر نەیەشێنم. لە دڵی خۆمدا سوپاسی خوام کرد، بەس نەبوو داواکاری یەکەم جارم نەهاتە دی ، زۆر بڕوا ، نەفەری ئێسکقورسی وا ، تا زوو دابەزێت ، باشترە.

هۆ خوا؟! هەر ئەوەم ماوە ، بمکەیت بە کفر ئەحمەد.
تۆ بۆ منت گەیاندە ئێرە؟ ئەی لە ساڵی ١٩٨٢ز. بلیتی فڕۆکەکەمان بۆ سوێد نەبوو؟ قەدەرت لە بوخارستی ڕۆمانیا ، پێچی پێنەکردینەوە بۆ ئێرە ؟ ئەی نەتفەرمووە: ئوجیبو دەعوەتە داعی ئیذا دەعانی: وەڵامی هەر داواکارێک دەدەمەوە ، پرسیارم لێبکات. من ١٥ ساڵە نەک هەر پرسیار ، هاوارت لێدەکەم . بۆ هیچیان وەڵامیان نەبوو؟ خۆتۆ ئەقرەبو ئیلەیکوم مین حەبلین وەریدیشی: نزیکتر لە بۆری خوێن هێنەری لای گوێ ، یا دڵ. ئەوەنەش نزیک! لەگەڵ ئەسمەع و وە ئەراشا: دەمبیستیت ودەشمبینیت. بەمسۆگەریش وتووتە، لەمن بەڕەحمتر نییە! خاوەنی ئەم دەسەڵاتە سەرسوڕهێنەرەشی ، کوون فەیەکوون : ببە؟ دەبێت! جا توخوا لەوە کار، ئاسانتر چی هەیە؟ ١٥ ساڵە وەستاوی؟ دەی بۆ کەی؟ ئە ئاوا دێیت بە دەمی ، عەبدی ، غەریبی، پەنابۆهێنەری ، موسڵمانەوە؟ نەتفەرموایە؟ نەمئەوت. فەرموتە ؟ کوا وەڵام ؟ لە دوای هەموی ئەمەیشت وتوە: یەکێ پەیمانی دا، وەفای پێ بکات. دە خۆت حاکم بە ،دەی.

## داونانەوە بە ئەوینێکی ساختە . بەرلین ،١٩٩٧ :

ئەو بێگانانەی بە بۆچوونی ئەمان ، دەکەوتنە ناو بازنەی سوورەوە . دەکەوتنە پاشقول لێدانی یا هەڵدێرانی یا تاپیکردنی یا خاوەن ژن و منداڵ بووایە؟ خراپتریش ... هتد. بە ڕێگەیەکی وەستایانەی فێڵاوی بکەر ، شاراوە ، بەرگی یاسا و ئەوین و سەربەستی و شارستانیەتی و ئازادی ( بەڵام کام؟ ئازادی؟ بەرەڵایی کردن بە ژن و کچی بێگانان)...

---

١ - شەقام و کۆڵانەکانی بەرلین تا ئەم بەرواری نووسینە ، لە نێوان(١٣٠٠٠- ١٣٥٠٠ ) دانەن ، وە تاقیکردنەوەی دەمی و نووسینیشی هەیە ، تاقیکردنەوەیەکی زەحمەتە. سێ ملیۆن و نیو دانیشتووی هەیە لە ٤- ٥ هەزار تەکسی تێدایە... هەر ٥ هەزارێک دانیشتوو زیادیکرد ، تەکسیەکی تر دەخرێتەکارەوە...

٢ - ئەم پرسیارە هەر ئاڵمانێک خۆشی نەیەت لە شۆفێری بێگانە ڕەنگ ، ئەم پرسیارانەی لێدەکات ، بۆ بەگیرهێنانی و بیانوو پێگرتنی. پیرەژن ئەو کارە زەحمەتە ، خەمۆکیە ، کەم دەسکەوتەی ، بۆ منی بێگانە ، بە حەیف و بە زۆر دەزانی !. بۆ ئەوەی خوێنەر ڕادەی ئەڵمانی زانینی من بزانێت ؟ ئەمەش دەنووسم: لە دانشگای بۆن ، لە ١٤/١٠/ ١٩٩٦ز. دا لە تاقیکردنەوەیەکی ڕادە هەڵسەنگاندندا،( ئاین شتوفونگ پروفونگ) ، لای پڕۆفیسۆر شمووکەر دا ، لە بەشی تەرجەمە ( ئەڵمانی عەرەبی فارسی) خرامە خولی یا دەورەی ، سێیەمەوە ، واتە بێ خوێندنی ١ و ٢، ئەم ڕادەی زمان زانینە ، بۆ شۆفێری تەکسی زۆری زیادە.

تێدەگیرا. ئەو بێگانانەی خاوەن ژن و منداڵ بوون ، وە لەسەر دین و باو و ڕەوشتی ، کولتوری خۆیان دەمانەوە و بە ویستی ئەمان لەناو کۆمەڵگەکەیان دا، تێکەڵ نەدەبوون وخۆشە نەدەبوون و نەدەتوانەوە... بە دەستێکی تێکدەری ، فریودەری ، چەشەکەر ، لە ژنی یا کچی ، یا پیاوی خێزانە بێگانەکە ، نزیک دەکرانەوە. ئەگەر لەگەڵ ژنە یا کچە بێگانەکەدا ( کە ئەمەیان زۆرتر دەکران) ، سەر کەوتوبوونایە؟ ئەوە پێش ڕاکردن بە کچە ، لە ماڵی باوکی ، یا ژنە لە ماڵی مێردی ، ماڵ و حاڵ بە ڕادەیەکی باش ، لە شوێنێکی نهێنی، زۆرجار دوور لەو شارەی لێی بووە ، بۆی ئامادەکرابوو. بەمە خێزانە بێگانەکان شەق دەبوون. زۆرجار پیاوەکە چەوساوەکە بوو. هەرچی سەیری دین و کولتور و خزم و دراوسێ و کەسی تری نەتەوەکەی دەکرد؟ هەر ڕۆژێکی مردنێک بوو ، بە تایبەت ئەوانەی شانازی ، بە کولتوری نەتەوەیی خۆیەوە دەکرد.
ئیتر نەخۆشی دەروونی ، خەمۆکی ، سەری هەڵدەدا ، ژیانی بەرەو خلۆربوونەوە دەبرد. رووشی نەدەهات بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. هەشبوو لەو کەسە ڕاپێکراوانە ، پاش چەند ساڵێک کە دەبینرانەوە ، پەشیمان بوون لەو کارەی کە پێیانکردوون ، یا هەڵیانخەڵەتاندوون. بەلام تازە خێزان وەک بێستانی بەرەڵای لێهاتبوو، هەر یەکەی خۆی لە شاریکی تردا، گووم کردبوو. ئیتر بەرە بەرە بەرەو توانەوە و نقووم بوون دەچوون.

**سوالکەرێک. ، ١٩٩٨:**
لە یەکێک لە وێستگەکانی تەکسیدا وەستابووم ، سواڵکەرێکی ڕیشنی چڵکنی کوڵکن ، لە دەوری ٤٠ ساڵیدا لە پێش تەکسی یەکەمەوە ، لەسەر شۆستەی جادەکە دانیشتبوو. پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە ، خۆی دابوو بە خۆرەتاو. لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد ، جار جار قلەیەکی بیندرێژی لێ دەدا ، دەک خۆزگەم بەو ناوی دڵەت ئا لەم کاتەدا. پاش کەمێک هەستایەوە و هاتە لای شۆفێری یەکەم ، چووتەیەکی لەگەڵکرد. هیچ ڕوینەدا ، هاتە لای دووەمیش ، هیچ نەبوو. گەشتەلای من پرسی: تۆ ئەڵمانیت مارکێکم بەیتێ سەمونێکی پێبکڕم ؟ جا با ئەڵمانی نەبم ، ئەوە مارکێک. وتی نامەوێت ، ڕۆشتەوە جێگاکەی خۆی، هەمان تاس و حەمام ، متبوون ، پێکەنین... بەزەییم پیاهاتەوە ، دەبێت بە چەند ناسۆر و بەدبەختیدا ڕۆشتبێت ، وا ئەمی کردووەتە لانەوازی سەرشەقام؟
چووم بۆ لای مارکەکەم بۆبرد ، هەر وەری نەگرت. پاش ماوەیەک هاتەوە بۆلام ، وتی مارکەکەم دەدەیتێ؟ دام پێی و ڕۆی ، ئەویی بەجێهێشت. ئەی بێگانەی کلۆڵ، لانەوازەکانیشیان تۆی ناوێت؟!.

**بێزلێهاتنەوە. بەرلین ، ١٩٩٨:**
لەو مانگو نیوەی ، پشووی هاوینەی قوتابخانەکاندا ، لاو و کیژەکەم هەر وەک ئەوانەی ئێرە ، هەوڵیان دەدا ، کارێکی کاتیی بدۆزنەوە ، بۆ خۆ خەریککردن و سەرگەرمکردن و کات بە فیڕۆ نەچوون و وردە خەرجی... کە لە ڕۆژنامەدا کارێک هەبوایە؟ ئێمەی دایک و باوک تەلەفۆنمان بکردایە؟ بە ئەکسێنت و فۆنەتیکدا دەیانزانی ، بێگانەین. کارەکەیان بە ئێمە نەدەدا. منداڵەکانم بیانکردایە؟ لێرە چوونەتە مەکتەب ، وەک

خۆیان قسەیان دەکرد ، بۆیان دەرنەدەکەوت بێگانەن ، دەیانپرسی ناوت چێیە؟ بە ناوەکەیان دا ، هەر دەیانزانی بێگانەیە ، ئەم جارەش نەیان دەدا. بێگانەی تر هەبوون ناوەکانیان ، دوو فاقانە بوو ، واتە لەو ناوانە لای ئەمانیش هەبوون. لەم کاتەدا: نە بە دەنگ ، نە بە ئەکسێنت ، نە بە وتنی ناوەکەیان ، سەروفەساڵیش بە تەلەفۆن دیار نەبوو ؟ تیایا ڕادەمان ، نەک هەر بێگانە بێت ، دەیانوت وەرە بۆ خۆ ناساندن. کە دەچوویت سەر و فەساڵت دەبینرا ، کە هی بێگانانە ، قژ و چاو رەش ، ئەسمەر... هەر بێگانەی گـووە ؟ = شایزە ئاوسلەندەر ! دەیانووت خەڵکی تریش داوای ئەو کارەی کردووە ، لێپرساو هەرکامتانی هەڵبژارد؟ لە ٣ ڕۆژدا نامەت بۆ دێت. بە دڵنیاییەوە بێگانەکە نامەی بۆ نەدەهات ، چوونکی نەیاندەویست. مەگەر کارەکە لەبەر پیسی و پارەکەمی و ئەڵمانی نەیویستایە ؟ جا دەیاندا بە بێگانەکە.

**سەرە مەقەست . بەرلین ، ١٩٩٩** :
زۆر کارەساتی دڵتەزێن لە بێگانان دەقەوما ، یەکێک ناچێتە ئەقڵی ئەوانە دەست هەڵبەست نەبن. ئەو باسانەی هی سەردەمی کاتی تەکسی ، دارییەکەم بوو ، کە خوێندتەوە. تەنها ئەوانەن من دیومن یا بیستومن ، لە بازنەیەکی جوگرافی ٧٠ کیلۆمەتری دا. لە سەد نەوەدیشیان لە بێگانان قەومێنرابوون. جا وەرە هەر بێگانەیەک چی دیووە؟ بیستووە؟ بینووسێتەوە؟ چ دائیرە مەعاریفێک دەربچێت؟! وە سوودی دەبوو بۆ ئازیزانی ولات ، تا بزانن ، هەندەران ناسۆرەکانی چۆنن؟.

**ئەم سەرەمەقەستانەش بخوێنەرەوە** :
<u>١ – شاری گووبن:</u> ( ناوچەی براندنبورگ ، ئاڵمانی دیموکرات یا ڕۆژهەڵات ، یانی جسنەکەیان ، چونکی زیاد لە ٣٠ ساڵ ، دەوڵەتی بەناو ، سۆسیالیست و کۆمۆنیستیان بووە!)
بنئووم پەنابەریکی ٢٧ساڵەی خەڵکی وڵاتی جەزائیری خاوەن نەوتی ، دوو ملیۆن شەهید بوو! لەو بارە ناهەموارەی وڵاتەکەیان تێخستووە، خۆی قوتارکردبوو ، تا لێرەوە بژێوی خێزانەکەیان دابین بکات. لە کۆتایی ١٩٩٩ز. دا، چەند نازی ، یا ڕاستڕەوانێک لە کەمپەکەیدا دەکەونە شوێنی ، زۆری بۆ دێنن ، لە پەنجەرەیەکەوە خۆی هەوا دەدات، شوشەکانی ئەوەندە برینداریان کردبوو ، لە خەستەخانە مرد!.

<u>٢ – شاری دێساو:</u> ( ناوچەی زاکسن ئەنهالت ، ئاڵمانی ڕۆژهەڵات).
کرێکارێکی ئەفەریقی ڕەش پێست ، کە ٢٠ ساڵ بووە ، لەم وڵاتەدا ژیاوە ، ژنەکەشی لەمان بووە ، وە لێی خاوەنی ٣ منداڵ بووە. لە ئەنجامی لێدانی لەلایەن چەند نازییەوە ، مرێنرا!.

<u>*٣ – دیسانەوە شاری دێساو:*</u> لاشەی پەنابەرێکی کوردی ئێراق ، لە ناو ڕوباری ئێلبەدا دۆزرایەوە. باسەکە خەفەی پێکرا!. کەچی لە ٢٠٠١/٤ز. دا ، لە شاری ئێبەرسڤالدەی کە لە قەراخی سەروی ڕۆژهەڵاتی بەرلیندا هەڵکەوتوە ، کچێکی ١٠ ساڵەی ئاڵمانی گووم

بووبوو ، بە سەدان پۆلیس و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر و( جەنگیش بەکاربرا ، بۆ وێنەگرتنی ناوچەکە) ، کەوتنە جەولان ، بە ٤٠ ڕۆژ لاشەکەیان بە مردوویی دۆزییەوە. بکوژ گیرا، ئاژانسەکان ماوەیەکیش هەر باسیان دەکرد.
پیرەژنی لای خۆمان ، هێلکەیەکی دیارنەمێنێت؟ دەیکات بە گاڵە ، چەنماڵی ئەملاولای خۆی بۆ دەگەڕێت. بەڵام کەسێکی بێگانەی سەرخوراو ، نابێت بە قەدەر هێلکەی پیرەژنەکە ، کێوماڵی بۆ بکرێت؟.

٤ - *ڤویەرتاڵ*: ( ناوچەی نۆردڕاین ڤێستفالن ، ئاڵمانی ڕۆژئاوا یا فیدراڵ).
پەنابەریکی حاجی بەتەمەنی کوردی ئێراق ، لە ماڵ دەچێتەدەرەوە ، بەنیازی سەردانی بانقو هێنانی پارە ، کاتێک پێی زانرا؟ لەسەر سکەی شەمەندەفەر بە مردووی دۆزرایەوە! وایان تاویلداوە ، سەری خۆی خواردووە. چوونەدەر بۆ پارە ، وەختی سەرخواردنە؟ ئەی بۆ پارەکەی؟ بۆ سەری نەخوراوە؟.

٥ – *بەرلین:* هاوینی ٢٠٠٠ز. : کچێکی پەنابەری کوردی ئێراق ، لە ژێرسکەی شەمەندەفەری ژێرزەمینیدا ، بە مردووی دۆزرایەوە.

٦ – *مالۆڤ:* سەروی ڕۆژهەڵاتی بەرلین ، ٦/١٥ / ٢٠٠١ز. : نۆئیل مارتینی ، گەڕۆکی ڕەشپێستی بەریتانی ، لە بەرواری سەرەوەدا لە ناو ئۆتۆمبیلەکەیدا ، بەو شارەدا، تێپەڕیوە. لەلایەن دوو کەسەوە ، بەرد باران کراوە ، چونکە پێست ڕەشە ! شوشەی پێشەوەی ماشینەکەی دەشکێت ، دەستی لێ بەردەبێت ، دەکیشێت بە دارێکی قەراخی جادەکەدا ، پاش چەند هەفتە کەوتن لە خەستەخانە ، بۆ هەمیشە ئیفلیج بوو، کەوتە جێگا، تەنها لەسەر گالیسکە دەیتوانی بچێتەدەرەوە.

## گەشتێک لە ئاڵمانەوە، بۆ کوردستانی ئێراق. ٦ / ٢٠٠٣ز.

لەم ساڵەدا ڕۆشتنەوە بۆ کوردستانی ئێراق ، لە ئەڵمانیاوە ، کەوتبووە ئەم هێڵەوە. میونیخ ـــ دیمەشق ، بە فڕۆکە. لەوێوە بە ڕێی زەمینی بۆ قامیشلی ـ فیشخابوور. ئەو خاڵانەی لەم گەشتەدا شایەنی باسکردن بێت:
ڤیزەی سوریەم بۆ هەر چوارمان وەرگرت ، هەر بە فڕۆکەی سوری لە میونیخەوە، گەشتینە فڕۆکەخانەی دیمەشق ، ئەفسەرانی لێپرسراوی بەشی ، پاسپۆرت ، داوای یارمەتییان دەکرد ، واتە پارە . بۆ نموونە: یەکێکیان چەکمەجەکەی بەردەمی ڕاکێشا، نیوەزیاتری پڕبوو لە دەیی و پێنج مارکی ، تا ببینم و بێدەنگ منیش ، وەک ئەوانەی پێشم ، سەربقەبڵێنم. هەر ٧ مەتر لەو تێدەپەڕیت ، یەکێکی تر وەستابوو ، داوای پاسپۆرتەکەی دەکردیتەوە ، سەیری ناو پاسپۆرتەکەی دەکردوو ، قسەشی لە گەڵ دەکردی ، بە هێواشی دەیوت دیارییەکت پێنییە بۆم ؟ دەیانووت واسیتەی گەورە دەکەین ، تا لێرە کاربکەین ، چونکی بە بۆنەی گەشتیارانەوە ، دەسکەوتی باشی تیایە. هەرچەند دەمژمێرە دیوارییەکانی دیواری ئەو بەشە ، لە مارکەی دیار ی سیمینسی ئەڵمانی بوون ، هەرچی لەوناوەدا بوو ، کاریان نەدەکرد. دۆستێکم گێڕایەوە ، نەکەن

لە دیمەشقەوە بۆ قامیشلی ، هەرچەند دوورە ، لە خواروی ڕۆژئاواوە ، بۆ سەروی ڕۆژهەڵاتی سوریە ، بە فرۆکە بڕۆن. من جارێک ڕۆشتووم ، بڕوام نەدەکرد بگاتە، بەرەوە ، تەقوهوری دەهات ، ڕەنگە سەد ئایەتولکورسیم خوێندبێت... بە پاس لە دیمەشق بۆ قامیشلی شەوێکی برد ، لەوێشەوە بەرەو سنووری کوردستانی ئێراق سەعاتێکی پڕدەکردەوە ، بە سەیری پاسپۆرت و پشکنینی جانتاوە...
ئەو تەکسیەی ئێمە گرتبوومان ، شۆفێرەکەی ووتی ، ئەگەر بەخشیشێکم بدەنێ؟ هەواڵێکی خۆشتان دەدەمێ. وتمان بڵێ، دەتدەینێ. وتی: شەوی ڕابوردوو ، لە شاری موسڵ ، کە ئێوە لێی نزیک دەبنەوە ، هەردوو کوڕەکەی سەدام کوژران. دەست و دەم خۆش ، لایەقتە.
لە گەڕانەوەدا لە دیمەشق ، فێڵێکی تریان لێکردین ، شەو و ڕۆژێک دوایان خستین. ئەمەش بووە هۆی فریای شەمەنەفەری میونیخ ـ بەرلین لەکاتی خۆیدا نەکەوین، لەسەر حسابی خۆمان گەڕاینەوە ماڵەوە.

**هایم ڤێهـ : ئێشی نیشتیمان . بەرلین ، ٣ /٢٠٠٤ :**
ئاسمانێکی هەمیشەهەوری ، نقە لە خۆ بڕیوی ، نەجووڵاوی ، یەک ڕەنگی ، بەرزیی ، ئەستوور... کە هەتا ئەو ، تیشکە ، تیژە ، باریکە ، دەم دەبانە ، نەیدەتوانی بیبڕێت ! تا خۆر سەرەتاتکێ یەکمان لەگەڵ بکات . نە ڕۆژێک و نە دەو نە مانگ. هەر سەمەرە بەیانی زوو تا ئێوارە ، کونێکی تێنەدەکەوت.
بە خۆم دەوت: ئەو خۆرە جوانە بەو ئاسمانەدا گەشتی خۆی هەردەکات؟ بڵێی نەگیرابێت؟ دەڵێی لە ناوچە شەوەکەی داین. بەیانیان ، نیوەڕوان ، ئێواران هەر تاریک و هەر تاریک. دەبێت لەسەروی نەرویج و سوید و ئیسلەند چۆن بێت؟
ئەوە دیمەنی سەر سەرم و ئاسمانم ، کاریش: کارێکی نابەدڵ و سەپێنراو و پارەکەم و ڕەزیل کەر.. ئەوەندەی تر پەست و پەستریان دەکردم. سەری چەند پزیشکم دا. یەکێکیان پێ وتم:
تۆ هایم ڤێهـ ، ت هەیە ، سەردانێکی لای خۆتان بدەرەوە ، ماوەیەک بمێنەرەوە، تاقیبکەرەوە.
چۆڵکردن و گەڕانەوەش هەروا ئاسان نییە ، دەبێ بە پێی یاسای خانوو دانەوە ، ٣ مانگ زووتر خەبەربدەین کە دەڕۆینەوە ، یا دەگوێزینەوە ، بۆیەکردنەوەو شکاو ساق کردنەوە ، ... دەی کەوتینە ناو ئەو کارانەوە و خۆ

ئامادەکردن ، بۆ گەڕانەوەی خۆم و خێزانم ، بەرەو وڵات. کوڕ ٢٥ ساڵەو دەخوێنێ و کچیش٢٣ ساڵەو خوێندنی کردووەو کاردەکات ، بە پەروەردەیەکی تۆزێ کوردانەش ، بە درێژایی تەمەنیان ئامۆژگاری کراون. هەرچیمان بوو ، بەشمان کردەوە ، باش بۆ منداڵان ، خراپ بۆ فرێدان. قەمەرەیەک کڕا ، پڕکرا لە زۆر پێویست بۆ ڕێگا ، کوردستان بمانگرەو هاتین.

**گەڕانەوە بۆ کوردستان. بەرلین ، ٧ / ٢٠٠٤ز.**

ئەمجارەیان وەک سەردانەوەی ٢٠٠٢ مان نەکرد ، هەر بە ڕێی خاکیدا بڕۆین. بە سویسرەدا بەرەو خواروی ئیتالیا ، بۆ بەندەری بریندیسی. لەوێوە بە پەڕینەرەوەیەکی تورکیا بۆ بەندەری ئەزمیر ، کە ١٤ سەعاتی خایاند و منیش وەک لێخوڕ ، پشوویەکم دا. لە دوای ئێرە تا نزیکی جزرە= جزیرە. ٣ جار لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە ، ڕاگیراوین و بێ پارەدان ڕزگارمان نەدەبوو.

بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە. ئیدارەی سلێمانی، ٨ / ٢٠٠٤ز.
ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی: ی. ن. ک. ( لەم کاتەدا، هەرێم ، لەتیان کرد بوو).
وەک لە پێشەوە ڕوونکرابووەوە ، ئەمە من ، لە بەرلینی ئاڵمانیا ، هەڵکەنراوم هاتوومەتەوە ، لە جێگەکەی خۆم ، کە لە پێش ٥/ ١٩٨٢ وەوە ١٣ ساڵ مامۆستاییم تیاکردووە ، دامبنێنەوە.
خەڵکی هەڵەبجەو خاوەنی ٥ شەهید ( دایک و ٢ براو ٢ خوشک ) ل. ٧.
بە چەند بەرهەمی چاپکراویش ، سوودم بە نەتەوەکەم گەیاندووە و ئەگەر بە تاوانباریشم بزانن ؟ بڕواناکەم ئەوەندەی موستەشارێ یا جاشێ یا پێشمەرگەیەکی خۆخۆر ، تاوانبار بم!.
بەڵێ لە بەرواری سەرەوەدا ، سەری ژووری خۆیی سەرەتاییم دا ، چەند کەسی لێبوو. یەکێکیان بە پێی سەر سپێتی ، لەوەدەچوو لێپرسراوی ئەوێ بووبێت. ناوی مەحمود یا محەممەد بوو ، وتیان فایل سووتاوە. ( لە دڵم دا دەبێت بڵێم : بۆ سوتێنرا؟ تا پیاوەکانی ڕژێم ئاشکرانەبن ، تا لە سەردەمی ئێستاش دا ، هەرشت بەدەست بن. خۆ من نەم سووتاندووە ؟ ئەوانەی دامەزرێنرانەوە ؟ فایلیان نەسووتابوو ؟ بەڵام من نامەیەکی ١٩٧١ م پەیدا کردبوو ، ناوی ٦٥ مامۆستای تێدابوو ، ٥٩ هەمینیان من بوو. هەر هەستی نەجوڵاند! ڕۆشتم بۆ ئیدارەی هەولێر ، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پ. د. ک .سەردانی وەزیرم کرد و لەوێش چیرۆکەکەی خۆم و، ئەوەی پەروەردەی سلێمانیشم گێڕایەوە. کورد هەر زۆر بێت ، لێرە بە مووچەیەکی ١٢٠ هەزار دیناری ، وەریانگرتمەوە. پاش ماوەیەک ڕێکەوتنێک لە نێوان ، هەردوو ئیدارەکەدا کرا. منیش خۆم گواستەوە بۆ سلێمانی، لەبەرئەوەی مامۆستای ئینگلیزی بووم ، خیرا قۆسترامەوەو ، لە قوتابخانەی گۆرانی تێکەڵاو لە گەڕەکی زەرگەتە دامەزرام. لە ٢ هەفتەدا لای بەڕێوەبەر و لە ٤ مانگدا لای ، سەرپەرشتیار و سووپاس و پێزانین یانم بیست. لە کۆتایی ساڵیش دا ، لەبەر دەرچوونی هەموو قوتابیەکانم لە ئینگلیزی پۆلی شەشەمی وەزاری دا ، دا، سوپاسنامەیەکی نووسراویشم لە پەروەردەکەی ، کە داینمەزراندبوومەوە ، بۆم هات!.

## کە لەوێ بووم ؟ وامدەزانی ؟ هەڵەبجەی شەهید ، ٥/ ٢٠٠٥: ١

١ – کە لەوێ بووم؟ وامدەزانی: گوند گرمەی دێو ئاوەدانە ، بۆ قۆرتێکی تری کوردان، خەمخوراوەو پڕ لە نانە ، سەنگەری ژێری چیاکان ، تۆرابۆرای کوردستانە. ٢ کەچی تاکوتەرای گەڕاوەکان ، وا دێنەوە دەبێتەوە بە ویرانە ، ئاااای لەوهەڵە! ڕیخۆڵەی کورد بە دەستی خۆی ، وەکو سەدام ، هەڕاجە لە مەزاتخانە .
دەشتی سندی و شارەزوور ، ڕەهنی ئاغاکانی تورکیا و ئێرانە!.

٢ – كە لەوێ بووم؟ وامدەزانی: لە ئەنفال ماوە ، پاشایە . ئەوەند کۆستی ڕاگیرایە ، خەم بە بەری چاویان نایە . کەچی بە گەنج پیربووی ، دەس بە ئەژنۆ ، هەر ڕەش پۆشو ، لە کووخێکی قوڕیین دایە ، کە هەر کامێکیان دەدوێنیت ؟ ڕۆمانێکی لە سنگ دایە!.
٣ – کە لەوێ بووم ؟ وامدەزانی: پلانی دوور بۆ ئابووری چێ کراوە و جێبەجێ دەکرێت، حەللی کیشەی ولآت دیارە ، بە کشتوکاڵیش ناو دەبرێت ، جوتیار بەختیار کراوە ، هەر ئامێرێکی پێویست بێت ؟ ئامادەیە و پێی دەدرێت. کەچی جوتیار دەکرایە چەکدار، هەتا بۆ تەماتە و خەیار ، چاومان ها لای هاوسێی نەیار ، ئەو کوونەش ڕۆژێک بگیرێت ؟ هەڵەی چەندجار، وەک مانگی نوێ ، لەدەم کەل مانا دەبینرێت.
٤ – کە لەوێ بووم ؟ وامدەزانی: هەردوو ئیدارە بۆ هەر کورد ، هەروەکو یەک بەدەستوبرد، دەکەن کۆمەک. خزمی خۆمان سەر لەبەرە ، خۆیان خۆیان ، پشت گوێ خەرە ، فلیمێک بوو ، ڕێژەی نەگۆڕبوو ، نە ، ئەگۆڕا؛ نە ئەبێزرا، بێ واسیتەو لەوان نەبوو ، هەر دەبراو دەهێنرا ، هەتا کۆڵی پێ دەدرا. لالەنگی و کیفی ، یە خۆرەکان، ماشی بوو ، گشت حەز و ویستیان. هاتووەوەی هەندەرانیان ، دەکرا بە خزمەتیش بۆیان ، تاوێک بوو ، خۆیانی گرت.
بۆ لەبەر ئێوە ، کورد ماوە ، ناسۆری پێ نەچەشترابێت ؟ ئەگەر ماڵێ ڕەو و. گاز و ئەنفالیشی پێ نەکرابێت ؟ دێ ، کەی جارێک سووتێنراوە ، بە مین قاچی ، خۆی ، یا خزمی ، پەڕێنراوە. کانی ، هەواری ، یا کێڵگەی ، بە تیئێنتی تەقێنراوە. ئازیزێکی مۆمیاکراوی لە بەغداوە ، بۆی هێنراوە. ئەوانەش هیچ ، پێشمەرگەتان لە ماڵیان دا؟ چەندجار ؟ خزمەتیان کراوە ؟!
٥ – کە لەوێ بووم؟ وامدەزانی: ئەوەی لە کەناڵی ئاسمانی کوردییەوە پەخش دەکرا، هەمووی وایە ، گەزگەز بالآی پێ دەکردم ، پێشکەوتن بوو ، لە ئاسمان و لەسەر زەوی. دەمووت ئۆخەی نەوەی نوێمان ، وەکو جیلی ئێمەی نەگبەت ، ناکەوێتە ڕێ بۆ یۆنان ، لە ئاوی مەرمەڕە و ئیجە ، ناخنکێن بێ گۆڕ و نیشان. ژنەکانیان تەرەنابن، بەچکەکانیان کوردی زانن.
لەبارەی ئاوەدانییەوە:
قیرتاوەکان قوڕەتاون ، لە دوای ٦ مانگ پینەکراون ، ئیدامە نییە بۆ تەلار ، ئیدارەکان کۆن دەنوێنن ، دوو سێ مووچە وەردەگیرێت ، قاو ناکرێت ، لێت ناخوێنن ! مامۆستا دەبوو بە پۆلیس ، دەرچوی زانکۆ جێی خۆی ناگرێت ، پارەیەکی وەن بێ بڕشت ، دەبێت هەموو ساڵ زیادکرێت . زیاد لە پێویست فەرمانبەران ، لە ئیدارەدا دەبینرێت ، ئیشی

---

١ – لە بەهاری ٢٠٠٤ز. دا ، پاش ٢٢ ساڵ ژیان ، لە خەمی غەریبی و هەندەران بڕیارمان دا و هاتینەوە ، بۆ هەڵەبجەکەی شەهیدان. پاشی سەدام ، هەر خەمەکەی ها لەسەرشان. ببورن بدات لە زەوقتان ، ئەم باسەم دا بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی سلێمانی ، پەیمانی ئەوەم لێوەرگرتن ئەگەر بڵاوی ناکەنەوە ؟ بمدەنەوە. سێ جار چوومەوە سەریان ، نە بڵاوکرایەوە ، نە دایانمەوە ! ئەمەش ڕۆژنامە ئازادەکەمان.٢- تۆرابۆرا: جۆرە سەنگەرێکی ، تونێل ئاسایە ، لە ژێر شاخەکاندا لێدەدرێت ، داهێنانی چەکدارانی قاعیدەی ئەفگانستانە.

پێنج دەقە ، بەساتیک ، بەدواوەی بیی ؟ دەجووڵێنرێت.
